# پێــــرســـــت


| بەش | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەشی یەکەم | ئەحکامی گشتی | 10-1 |
| بەشی دووەم | لێخۆشبوون لە باجی گومرگی (الاعفاءات) | 16-11 |
| بەشی سێ یەم | کاڵاو کەل و پەلە قەدەغەکراوەکان | 18-17 |
| بەشی چوارەم | بەرد و کانزای گران بەها (دراو) | 20-19 |
| بەشی پێنجەم | ئۆتۆمبێل و ئامێر | 35-21 |
| بەشی شەشەم | ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی یاسای گومرگی ژمارە (23) ی ساڵی (1984) ی هەموار کراوی عێراقی | 37-36 |
| بەشی حەوتەم | کشتوکاڵی و ئاژەڵی | 38 |
| بەشی هەشتەم | تأمینات و کەفالەت | 39 |
| بەشی نۆیەم | ڕێنمایی (ترانسێت Transit) تێپەڕین/ العبور | 44-40 |
| بەشی دەیەم | ڕێنمایی بازاڕی ئازاد (Duty Free) | 46-45 |
| بەشی یانزەیەم | ڕێنمایی دەرهێنەری گومرگی (اخراج گومرگی) | 49-47 |
| بەشی دوانزەیەم | خشتەی کانزاو بابەتەکانی تر کە هەناردە دەکرێت | 51-50 |
| | ئەحکامی کۆتایی | 52 |

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی هەشتەم لە یاسای پێناسەي گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (**21**) ساڵی **1993** وە ماددەی (**270**) ی یاساي گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی **1984**ی هەموارکراو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

رێنمایی ژمارە (6)ی ساڵی 2016

## ڕێنمایی گومرگی

## بەشی یەکەم

## ئەحکامی گشتی

1- به پێی یاسای پێناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (**21**)ی ساڵی **1993** هەموو کاڵآو بابەتەکانی ناو خشتەی پێناسەی گومرگی هەرێم و ئەو بڕگانەی پێناسەی عێراقی کە لە هەرێمدا کاریان پێ دەکرێ ، دیاری کراون ، بەو ڕێژەیە ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت کە بەرامبەر بەهاکانی دیاری کراوە لە کاتی هاوردەکردنی بۆ ناو هەرێم .

2- هەموو کەل و پەل وکالآیەك لە کاتی دووبارە چوونە دەرەوەی ( إعاده التصدير ) بەرێژەی (**1**٪) ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت لە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ، بەمەرجێك سەرەتای هاتنە ناوەوەی هەبێت وە سەرەتاکەی ڕەسەن بێت و ئاماژە درابێت بە برِو جۆرو و ژمارە و کێش و قەبارە و ووردەکاریەکانی تری کەل و پەل و کاڵاکان جگە لە و کەل و پەلانەی کە لەکاتی هاتنە ناوەوە بەخشراون یان ئەوانەی بە ڕێژەی (**1**٪) ڕەسمیان لێ وەرگیراوە یان سەرەتای هاتنە ناوەویان ني یە، پێویستە لەکاتی چوونە دەرەوەیان بەرێژەی (**5**٪) لە بەهای ناو پێناسە ڕەسمی گومرگیان لێ وەربگیرێت .

**3-** هەموو ئەو کەل و پەل و کاڵایانەی کە لەکاتی هەناردەکردن دا پێویستیان بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارو سەرەتای هاتنە ناوەویان هەیە وەك ئامێر و پێداویستەکانی بواری نەوت وکانزا سروشتیەکان و ئامێر و پێداویستەکانی پزیشکی و کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری و ئامێر و پێداویستیەکانی دامەزراندنی کارگەی بەرهەم هێن بە ڕێژەی (٥٪) ڕەسمی گومرگی لە بەهای ناو پێناسە لێ وەربگیرێت .

**4-** هەموو بەرهەم و بەرووبومێکی ناوخۆی هەرێم بە ڕێژەی (**1**٪) لە بەهای پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت لەکاتی هەناردەکردنی (چوونەدەرەوە) دا, وە لەکاتی بوونی بەهای جیاواز لە پێناسەدا کەمترین بەهای شوێنی دروست کراو (المنشأ) یان بەرهەم هێنراو ڕەچاو دەکرێت و دەکرێت بە بنەما بۆ دیاری کردنی ڕەسمی گومرگی .

**5-** هەموو ئەو کاڵآو کەل و پەلانەی کە هاوردەو هەناردە دەکرێت پێویستە لە لایەن بازرگان یان خاوەن بارەکە ڕاگەیاندنی گومرگی (التصريحه الكمركيه) پێشکەش بە گومرگ بکات و بڕ وجۆر و چەندی وخەسلەتەکانی کاڵآکەی بە تەواوی و بە ووردی تێدا دیاری بکات .

**6-** هەموو ئەو کاڵآ و کەل و پەلانەی لەدوا بنکەو خاڵە گومرگیە سنووریەکان فۆرمی چوونە دەرەوەیان بۆ دەکرێت یان بە نوسراوی فەرمی دەڕۆن فۆرمەکە یان پسولەکە تەنها بۆ ماوەی (**90**) نەوەد ڕۆژ کاری پێ دەکرێ وە لە کاتی دووبارە گەڕانەوەی و لەو ماوەیەدا بارەکە بە کرێ ی پشکنین دەگوازرێتەوە لە دوای ئەو ماوەیە بە ڕێژەی (**1**٪) ڕەسمی

گومرگی لێوەردەگیرێت وە ئەگەر سەرەتاکانی نەمابێت بە ڕێژەی (5٪) ی وەردەگیرێت و لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی گومرگ هەناردەی دەرەوە بکرێتەوە.

**7-** بە رەچاو کردنی ماددە و بڕگەکانی یاسای گومرگی ژمارە (23)ی ساڵی (1984) ی هەموارکراوی عێراقی کە تایبەتن بە ( بەها – القيمه ) ، هەموو ئەو بابەت و کەل و پەلانەی کە هاوردە دەکرێن و لە پێناسەی گومرگیدا بەهای بۆ دیاری نەکراوە پێویستە بە بەهای ناو بروانامەی لیستی کرین ( ئینڤۆیس ) بەهاکەی دیاری بکرێت . وە ئەگەر لەگەڵ بارەکە (ئینڤۆیس) ی نەبوو پێویستە لەلایەن (لێژنەی دیاری کردنی بەها) کە بۆ ئەم مەبەستە لە گومرگەکان پێك دەهێنرێت بەهاکە دیاری بکرێت . لێژنەکەش پێویستە دەوری بێت و هەمیشەیی نەبێت، وە لەپێنج کەس پێکهاتبێت و بەلایەنی کەم سێ کەس بەهاکە پەسەند بکات.

**8-** هەموو دەزگا و کارگەیەکی بەرهەمهێن کە دێنە ناو هەرێم بەرێژەی (1٪) لە بەهای پێناسەدا ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت بەمەرجێك مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەبێت بە نوسراوی فەرمی بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ هێنابێتی وە پێویستی بە هەبوونی مۆڵەتی هاوردە نیە, بەڵام ئەگەر مۆلەتی پیشەسازی و رەزامەندی نەبوو ئەوە بەو ڕێژەیە ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت کە لە ناو پێناسە دا بەرامبەر بەهاکەی دیاری کراوە .

**9-** ئامێر و (مكائن) ئۆتۆمبێل و ماکینەی کشتوکاڵی و ئامێری ڕێگاوبان (تۆمارکراو و تۆمارنەکراو) لەکاتی چونەدەرەوەیان بەرێژەی (1٪) ڕەسمی گومرگیان لێوەردەگیرێت دوای هەڵوەشانەوەی تابلۆکەی لە سەرجەم بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم هەروەك لە بەشی پێنجەم (بەشی ئۆتۆمبێل) ی ئەم ڕێنماییە روون کراوەتەوە.

**10-** ئەو کەل و پەل و کاڵایانەی کە بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆی هەرێمن و لە دەروازەو بنکە فەرمییەکانی گومرگی (ئیبراهیم خەلیل ، باشماخ ، پەرویزخان ، حاجی ئۆمەران , هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی) هەناردەی دەرەوە دەکرێن وە پێویستە مۆڵەتی هەناردەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت .

**11-** بابەتەکانی ( کاغەز و کارتۆنی کۆنە و لاستیکی کۆنە و شوشەی شکاو هیتر , کە کۆکراوەی ناو شارەکانن) وە ئەو کاڵایانەی کە لە دەروازە و بنکە گومرگیەکان هاوردە دەکرێن و کاری گومرگیان لە یەك کاتدا بۆ ئەنجام دەدرێت و دواتر ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری گومرك و لە سنوورێکی تر هەناردەی دەرەوە دەکرێنەوە پێویست بە مۆڵەتی هەناردەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ناکات .

**12-** هەموو کەل و پەل وکاڵاو ئامێرو (أجهزه) کە لەکەدار (معيوب) یان بەکار نایەت وە بە خواستی خاوەنەکەی نیە , وە خاوەنەکەی دەیەوێت بیگێرێتەوە بۆ شوێنی لێهاتوو بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت :-

أ- تا ماوەی (90) نەوەد رۆژ کرێی پشکنینی لێوەردەگیرێت.

ب- لە (90 ) نەوەد رۆژ بەسەرەوە ڕەسمی گومرگی بەرێژەی (1٪)ی لێوەردەگیرێ جگە لە بەخشراوەکان کە بەکرێی پشکنین دەگەڕێتەوە.

**13-** داشکاندن بە ڕێژەی (25٪) لە ڕەسمی گومرگی بۆ سەرجەم ئەو کەل و پەلانەی کە لە ڕێگای فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکرێن , بەڵام لە کاتی ڕوودانی سەرپێچی واتە دروست بوونی کێشەی گومرگی بە پێ

ی یاسای گومرگی ژمارە (**23**) ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراوی عێراقی یەکلایی دەکرێتەوە و داشکاندنیان بۆ ناکرێت .

**14**- هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتیەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە جگە لە ڕۆن وگریزو سۆیل و ڕۆنی برێك .

**15**- هاوردەکردن و هەناردەکردنی ئامێر و پێداویستی هەڵکەندنی بیری نەوت و کانزا سروشتیەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە .

**16**- هاوردەکردنی غازی فریۆن لە جۆری **HCFC / R22** پێویستی بە ڕەزامەندی دەستەی پاراستن و چاك کردنی ژینگەی هەرێم هەیە و پێویستە بڕەکەی بۆ دیاری کرابێت .

**17**- هاوردەکردن و هەناردەکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی هەبێت دواتر کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت.

**18**- هاووردەکرنی ئامێری پزیشکی و ئامێری ڤێتێرنەری بۆ ناو هەرێم ئەگەر نەبەخشرابوو بەرێژەی (**1٪**) رەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار.

**19**- هاووردەکردنی ئامێری جوانکاری پزیشکی بۆ ناو هەرێم لە (**5٪**) ی ڕەسمی گومرگی لێوەربگیرێت بە مەرجێك پشتگیری لایەنی تەندروستی هەبێت .

**20**- هەناردەکردنی بەردی بەرهەمی کانەکانی ناوخۆ بە شێوەی پارچە وکتلە و هاڕاو و شکێنراو پێویستی بە رەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە.

**21**- هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و کەل و پەل و پێداویستی سەربازی پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە .

**22**- لەکاتی هێنانی پێداویستی تەندروستی و کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری لە سنورێکی دیاری کراو بۆ ناو هەرێم و راستەوخۆ لەسنورێکی تر دەچێتەوە دەرەوەی هەرێم دوای (وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی پەیوەندی دارەکانی تایبەت بەجۆری پێداویستیەکە) بۆ هاتنە ناوەوە و چونە دەرەوەی و دوای کاری پشکنین وگومرگ کە بەپێی پێناسە بۆي ئەنجام دەدرێت و دەبێت راستەوخۆ بە نوێنەر وە لەژێر چاودێری گومرگ بڕواتەوە بۆ دەرەوەی هەرێم .

**23**- هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندی دارەکانی وەکو ( وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی گشتی کۆنترۆڵی جۆری و دەستەی ژینگەپارێزی و بانکی ناوەندی هەرێم .... هتد) دەردەچن و پەیوەندیان بەلایەنی گومرگیەوە هەیە ، پێویستە دوای رەزامەندی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم و دوای گشتاندنی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ، لەسەرجەم گومرگ و دەروازەکان جێ بەجێ بکرێت .

**24**- هەموو ئەو کاڵا و بابەتانەی کە دەکەونە ناو بەرنامەی پشکنینی پێش هاووردەکردن کە لە لایەن کوالێتی کۆنترۆڵەوە ئامادەکراوە ، پێویستە بڕوانامەکانیان (**COC**) کە لە لایەن کۆمپانیا پشکنەرەکان پێ دراوە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی یان بنکەی کوالێتی کۆنترۆلەوە ڕاستاندنیان بۆ بکرێت و دواتر کاری گومرگی بۆ بابەتەکە ئەنجام بدرێت

وە پێویستە وێنەیەك لە بڕوانامەكە (**COC**) و (**Release**) كۆپی بكرێ و هاوپێچی مەنەفێست یان پسولەی گومرگی (**37**أ) بكرێت و بدرێت بەخاوەن كاڵاكە (خاوەن بار).

**25-** گومرگ كردنی بوتڵی ئۆكسجین بۆ دەرەوە پێویستی بە مەنەفێست و سەرەتای تەواو هەیە كە بیسەلمێنێت لە دەرەوە هاتووە.

**26-** هەموو ئەو بابەتانەی كە پێوەرەكانیان بەكێش دیاری كراوە بەكێشی گشتی (الوزن القائم) گومرگ دەكرێت جگە لەو كەل و پەلانەی لە ڕێگای فرۆكەخانە دێنە ناو هەرێم كێشیان سوكە بەڵآم بە قەبارە گەورەن لەلایەن لێژنەیەكەوە لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی فرۆكەخانەی ناوبراو پێك بهێنرێت بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر كێشی دروستی خۆی.

**27-** هاوردەكردن وهەناردەكردنی ئامێرو پێداویستی هەڵكەندن ودامەزراندنی كارگەي بەرد و كانزا گران بەهاكان پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە.

**28-** هاوردەكردن و هەناردەكردنی كبریتی پیشەسازی پێویستی بە رەزامەندی وەزارەتی سامانەسروشتیەكان هەیە وە كبریتی كشتوكاڵی (لە شێوەی پەین , پاودەر) پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی كشتوكاڵ هەیە.

**29-** هاوردەكردنی تەنەر پێویستە لە دەبەی بچووك بە قەبارەی (**1** لتر تاكو **20** لتر)ی پلاستیكی بێ و سەرووی ئەو قەبارەیە پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

**30-** بۆ دەست بەسەراگرتن و هێنانی (هێما) نیشانەی بازرگانی (علامە تجاریە) پێویستە:.

أ- بازرگان ڕەزامەندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حكومەتی هەرێمی كوردستانی هەبێ وە ئەو هێمایانەی كە لە وەزارەتی بازرگانی حكومەتی عێراقی تۆمار كراون پێویستە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم ڕەزامەندی و ڕاستاندنی بۆ بكرێت و دوای پەسندكردنی جێ بەجێ بكرێت و كاری پێ بكرێت.

ب- ئەو هێمایانەی كە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم تۆمارنەكراون بازرگان و كۆمپانیاكان ئازادن كە بازرگانی پێوە بكەن.

ج- ئەو هێمایانەی كە تۆماركراون لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم و لەكاتی هاوردەكردنیان لەلایەن بازرگان و كۆمپانیاكان كە رەزامەندی هێنانیان نی یەو بەناوی ئەوانەوە تۆمار نەكراون، پێویستە لە هەمان شوێنی لێهاتوو ڕەوانەی دەرەوە بكرێنەوە دوای وەرگرتنی بەڵێن نامەكە جارێكی تر ئەو هێمایانە هاوردە نەكاتەوە بۆ ناو هەرێم.

**31-** بۆ ئەوەی بابەتەكانی بەشە خۆراك (حصە تموین ) هەناردەی دەرەوە نەكرێت و كۆنترۆڵی بە قاچاغ بردنی بكرێت ، ڕێگا نادرێت بە بردنە دەرەوەی بەشە خۆراكی هاوولآتیان كە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە دابەش دەكرێ ، وە جۆر و هاوشێوەكەی لەكاتی بردنەدەرەوەدا پێویستە سەرەتای هاتنەناوەوە و ڕەزامەندی لایەنی بازرگاني هەبێت .

**32-** سەبارەت بە رەسمی گومرگی لە دەروازەی (ئیبراهیم خلیل ، باشماخ ، پەروێزخان ، حاجی ئۆمەران , فرۆكەخانەكانی هەرێمی كوردستان) دەتوانن بە دۆلار وەربگرن هەر دۆلارێك بەرامبەر بەو نرخە دەبێت كە لە لایەن بانكەوە هەفتانە دیاری دەكرێت.

**33-** هاتن و رۆیشتنی پێنوس وكاتژمێری بە كامێرا و هاو شێوەكانی پێویستی بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە جگە لەو كامیرا چاودێریانەی كە لە ماڵآن و شوێنە گشتیەكان بەكار دێت.

**34-** ئەگەر لەهەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گومرگی بارێك کاری گومرگی بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ ئەنجام درا لەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە دوا خاڵی سنوورییە ، دوای پشکنین تەنها کرێی پشکنینی لی وەربگیرێت.
**35-** هەر بازرگانێك مۆڵەتی هاوردەی بازرگانی نەبێت یان بڕی ڕەسیدی مۆڵەتەکەی تەواو بوو بێت بە ڕێژەی (**25٪**)ی ڕەسمی گومرگی , سزا دەدرێت.
**36-** لەکاتی (تەواو بوونی) بڕی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن، بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان دەسەڵاتیان هەیە تاکوو ڕێژەی (**20٪** ) لە بڕی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن بۆ کەل و پەل و کاڵاکان وە بەرێژەی (**50٪**) بۆ جگەرە و تووتن لەکاتی پێویست زیاد بکرێت تاکو بازرگان مۆلەتی هاوردنەکە و هەناردنەکە نوێ دەکاتەوە دواتر ئەو بڕە لە ڕەسیدی مۆلەتە نوێیەکە دادەگیرێت بە مەرجێك بەرواری مۆلەتەکە بەسەر نەچووبێت وە ئەم کارە تەنها بۆ یەك جار و یەك مۆلەت ئەنجام دەدرێت وە بۆ ماوەی یەك مانگ و وەرگرتنی بەڵێن نامە بۆ ئەو مەبەستە وە لە کاتی پابەند نەبوون سزادەدرێت بە ڕێژەی (**25٪** ) لە ڕەسمی گومرگی.
**37-** هاووردەکردنی پەینی کیمیایی کشتوکاڵی پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە .
**38-**
أ/ لە کاتی هاوردەکردنی بابەتی خواردەمەنی بۆ ناو هەرێم ئەگەر لە پشکنینی تەندروستی نەشیاوبێت و لە تاقیگەکان دەرنەچێت ، ئەوا بەپێی ماددەی (**68**) برگەی (**2**) لە یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی هەموارکراوی عێراقی ساڵی (**1984**) ڕێگای پێ دەدرێت بگەڕێتەوە شوێنی لێهاتوو لەو ماوەیەی کە ئیدارەی گومرگ دیاری دەکات و لە ژێر چاودێری گومرگ و دوای وەرگرتنی بەڵێن نامە، یان لەناو ببردرێت لەسەر خەرجی خاوەنەکەی و محچری تەلف کردنی بۆ بنوسرێت.
ب/ لە کاتی هاوردەکردنی هەر کاڵایەك بە تایبەتی خواردەمەنی ئەگەر بە شێوەی نایاسایی بێتە ناو هەرێم و بەرواری بەکارهێنانی بەسەرچوو بێت پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێت و لەناو ببردرێت (تلف) بکرێت بەئامادەبوونی خاوەنەکەی یان وەکیلەکەی و لەسەر خەرجی خاوەنەکەی.
ج/ دەسەڵاتی (تلف) کردنی کەل و پەلی قەدەغەکراو بەماددەی (**68**) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی **1984** لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە ئەنجام بدرێت، پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ناکات و مانگانە بەشێوەی ئامار ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بکرێتەوە لە کارەکان.
د/ ئەو کاڵایانەی کە دەستیان بەسەر گیراوە لە کۆگای گومرگەکان وە زوو بەسەر دەچن یان بەرواری بەسەرچوونیان زۆری نەماوە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەری گومرگەکان دەسەڵات دارن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بەپێی یاساو ڕێنمایی گومرگی پێش ئەوەی بەرواری کاڵاکان تەواو بێت.
**39-** هەموو ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر و شەحن و ئۆتۆمبێلی تایبەتی تاك و ئامێرێك بۆی هەیە (**72**) حەفتا و دوو سەعات لەناو حەرەمی گومرگی یان دەروازە فەرمیە نێودەوڵەتیەکان بمێنێتەوە، پاشان (**100,000**) سەد هەزار دینار سزا بدرێت بۆ هەر (**24**) بیست و چوار سەعاتێك بەمەرجێك هۆی دواکەوتنەکەی لە بازرگانەوە بێت.
**40-** ئەو ئامێرانەی کە بۆ دامەزراندنی کارگە بەرەزامەندی وەزارەتی پیشەسازی دێنە ناو هەرێم لەکاتی گەڕانەوەی پێویستی بە رەزامەندی وەزارەتی ناوبراو هەیە .

**41-** ( زاویە، چەنەڵ، ڕاستە، ئاسنی چوار گۆشە، پلێت ، شیشي سەبە، شێلمان و جۆرەکانی تر ) چوونە دەرەوەیان قەدەغەیە تەنها ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە دەروازەیەکەوە بۆ دەروازەیەکی تر لە ژێر چاودێری گومرگ دەڕوات وە یان بەرهەمی کارگەی خۆماڵین پێویستە پشتگیری لایەنی پەیوەندیداری هەبێت.

**42-** ئەو بڕە کێبل و تێلە نحاس (مس) و ئەلەمنیۆم و تەلی فافۆنەی کە کۆنەو بەکارهاتوون و بە زیادکردنی ئاشکرا لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کارەبای هەرێم دەکڕێنەوە لە سنوری گومرگی پەیوەندیدار پشکنینی بۆ بکرێت دواتر باجی گومرگیان لێوەردەگیرێت بۆ دەرەوەی هەرێم بەپێی جۆری بابەتەکە ئەو ڕەسمە گومرگیەی کە لە خشتەی بەشی (**12**)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**43-** کارگەکانی بەرهەم هێن لە هەرێمی کوردستان کە مۆڵەتی دامەزراندن و کارکردنیان پێ دراوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی ، لە کاتی هاوردەکردنی (کەرستەی خاو/ کەرستەی سەرەتایی) بۆ بەرهەمەکانیان ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت بە ڕێژەی (**1٪**) لە بەهای ناو پێناسە بەمەرجێك لە پیشەسازی بڕی کەرستەی خاوی پێویستی بۆ دیاری کرابێت (تقدیر الحاجە) بەپێی بڕیاری لیژنە وە پێویستی بە مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی نیە.

**44-** وەرگرتنی ڕێژەی (**5٪**) لە بەهای گومرگی لە کاتی هاتنە ناوەوەی بابەتەکانی جگەرە و توتن و خواردنەوە کحولیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بە ناوی (سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە).

**45-** لەکاتی هاوردەکردنی گۆڤار و کتێب و **CD** سی دی پڕ کراو وە پەرتوکی فێرکاری بۆ خوێندنگاو قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە.

**46-** هاوەردەکردنی بەرگی چاپ کراو لە دەرەوە بۆ بەرهەمەکانی کارگەی ناوخۆ دەبێت بەرواری لەسەر نەبێت وە مۆڵەتی کارگەی هەبیت.

**47-** لەکاتی هاوردەکردنی مادده و ئامێری تیشکدەر (مواد المشعە) پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی (ژینگە پارێزی) هەیە.

**48-** هەموو ئەوکاڵآ و کەل و پەلانەی کە لەلایەن کۆمپانیای پۆستی کەرتی تایبەت هاوردە و هەناردە دەکرێت بەپێی جۆری کاڵآکە کە ڕەسمی گومرگیەکەی لەناو پێناسەی گومرگیدا دیاری کراوە بۆ ناو هەرێم یان دەرەوەی هەرێم ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێ , جگە لە کاڵا و کەل و پەلی کەسێتی و دیاری و خەڵآت (الامتعە الشخصیە والهدایا والتبرعات) کە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان پێ ناکرێت و بڕ و جۆر و کێشیان (زۆرکەم و سنوردارن).

**49-** هەموو نووسراو و بەڵگە و فۆرم و سەرەتاکانی گومرگی بەم شێوەیە کاریان پێ دەکرێت :-

أ- هەموو نووسراوێك کە تایبەتە بە کاروباری گومرگی لە بابەتی (ڕەسید و ڕێگاپێدان و لێخۆشبوون و هتد) دوای تێپەربوونی ساڵێك پێویستە نوێ بکرێتەوە.

ب- کاربکرێت بە سەرەتا و بەڵگەکانی هاتنە ناوەوە بۆ کالا و کەل و پەل جگە لە (ئامێر و ئۆتۆمبیل) لە بابەتی پسوولەی (**37**أ) و پسوولەو فۆرمی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی و منافێست و سەرەتاکان و پسوولە و فۆرمی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی عێراقی فیدراڵ تاکو ماوەی (**1**) یەك ساڵ بە مەبەستی چوونە دەرەوەی.

**50- خشتەی کرێ ی پشکنینەکانی کاڵا و ئۆتۆمبێلەکان و سووتەمەنی و قەپان:-**

| ز | جۆر | کرێ ی پشکنین |
|---|---|---|
| 1 | تاقیگەی نمونەیي خۆراك (ئەم برە پارانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی/ یەکەی پشکنینی خۆراك وەردەگیرێت) . | پشکنینی فیزیاوی : (5000) پێنج هەزار دینار<br>پشکنینی کیمیاوی : (10000) دە هەزار دینار<br>پشکنینی باکتریولوجی : (10000) دە هەزار دینار |
| 2 | کەل و پەلی هاوردە | ڕەسمی گومرگی : بە پێ ی پێناسەی گومرگی<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (10,000) دە هەزار دینار تا کێشی (2) دوو گن<br>(20,000) بیست هەزار دینار بۆ سەرووی کێشی (2) دوو گن<br>باجی دەرامەت : (3٪) ی ڕەسمی گومرگ<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>پشکنینی کشتوکاڵی : (7500) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار<br>پشکنینی ڤیتەرنەری : (15000) پانزە هەزار دینار<br>پشکنینی تەندروستی : (15000) پانزە هەزار دینار<br>پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری : (15000) پانزە هەزار دینار<br>پشکنینی تاقیگەی بیناسازی : (7500) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار<br>عمولەی بانك (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بار هەڵگرێك |
| 3 | کەل و پەلی هەناردە | ڕەسمی گومرگی : بەپێ ی پێناسەی گومرگی<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (10,000) دە هەزار دینار تا کێشی (2) دوو گن<br>(20,000) بیست هەزار دینار بۆ سەرووی کێشی (2) دوو گن<br>باجی دەرامەت : (3٪) ی ڕەسم<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بارهەڵگرێك |
| 4 | شەحنەکان هاوردە | ڕەسم : بەپێ ی پێناسەی گومرگی<br>باجی دەرامەت : (3٪) ی ڕەسم |

| | | |
|---|---|---|
| | | بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (15000) پانزە هەزار دینار<br>پشکنینی کۆنترۆلی جۆری : (15000) پانزە هەزار دینار<br>پارەی تابلۆ : (15000) پانزە هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 5 | پاصی گەشتیاری بیانی هاتن بۆ ناو هەرێم | ڕەسمی داخل بوون : (75000) حەفتا و پێنج هەزار دینار<br>کرێ ی پشکنین : (10.000) دە هەزار دینار<br>بەهای فۆرم (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێج سەد دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 6 | پاصی گەشتیاری بیانی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (10000) دە هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 7 | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی بۆ ناو هەرێم | ڕەسمی داخل بوون : (15000) پانزە هەزار دینار<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی (5000) پێنج هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 8 | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (5000) پێنج هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 9 | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری عێراقی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (5000) پێنج هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 10 | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری عێراقی گەڕانەوەی بۆ ناو هەرێم | بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (5000) پێنج هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 11 | ترێلە کە شەحنی ئۆتۆمبێل داخل | کرێ ی پشکنینی گومرگی : (20000) بیست هەزار دینار |

| | | |
|---|---|---|
| | دەکات | فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| 12 | بارهەڵگر و تانکەری بەتاڵی بیانی | پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (10000) دە هەزار دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بارهەڵگرێك |
| 13 | بارهەڵگر و تانکەری بەتاڵی بیانی (گۆڕینی ڕێڕە و / دەرچوون) | پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (10000) دە هەزار دینار<br>سزای گۆڕینی ڕێڕەو : (30000) سی هەزار دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بارهەڵگرێك |
| 14 | سوتەمەنی هەناردە | ڕەسمی گومرگی : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ (1) یەك گن<br>باجی دەرامەت : (3٪)<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد دینار<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (20000) بیست هەزار دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بارهەڵگرێك |
| 15 | سوتەمەنی هاووردە | ڕەسمی گومرگی : بەخشراوە<br>کرێ ی پشکنینی گومرگی : (20000) بیست هەزار دینار<br>بەهای فۆرم : (3000) سێ هەزار دینار<br>پولی دارایی : (1500) هەزار و پێنج سەد<br>عمولەی بانك : (4500) چوار هەزار و پێنج سەد<br>پشکنینی سووتەمەنی : (30000) سی هەزار دینار<br>قەپان : (5000) پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە بارهەڵگرێك |
| 16 | کرێ ی پشکنینی دەرەوەی ناوچەی گومرگی | (50,000) پەنجا هەزار دینار بۆ یەك دەرچوون وەربگیرێت . |
| 17 | لە کاتی هاتنە ناوەوەی کەل و پەل و کاڵا بۆ ناو دەروازە فەرمیەکان لە سەر داوای بازرگان و ڕاستەوخۆ | (5000) پێنج هەزار دینار کرێ ی پشکنین وەربگیرێت بۆ (1) یەك گن . |

| | | |
|---|---|---|
| | گەڕێنرایەوە لە هەمان دەروازەوە | |

<u>تێبینی</u>: 1- ئەم کرێ و باجانە لە هەموو دەروازە و گومرگەکان بە پێ ی خشتەکە وەردەگیرێت و نابێت زیاد و کەم وەربگیرێت .

2- ئەم کرێ ی پشکنین و باجانە لە هەموو گومرگەکان بۆ یەك ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت , بەڵام لە فرۆکەخانەکان بۆ یەك مامەڵە وەردەگیرێت .

3- ئەو شوێنانەی (بانك) یان لێ نیە یان بانك پارەکە وەرناگرێت عمولەی بانك وەرنەگیرێت .

4- کرێ ی پشکنینەکانی (کشتوکاڵي , ڤیتەرنەری , تەندروستی , کۆنتڕۆڵی جۆری , تاقیگەی بیناسازی) ئەم کرێ یانە لە کاتێکدا وەردەگیرێن کە پشکنین و خزمەتگوزاریەکە ئەنجام درابن لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکانی خۆیانەوە .

## بەشی دووەم

## لێخۆشبوون لە باجی گومرگی ( الآعفاءات )

بەپێی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراو وە ماددەی حەوتەم لە یاسای پیناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (**21**)ی ساڵی (**1993**) تایبەت بە لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی (الاعفاءات) وە هەر یاسایەکی تری تایبەت بەو لێخۆشبوونە دەرچوو بێت. پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

**1-** هەموو بابەتەکانی کە لێخۆشبوونیان (بەپێی یاسا) لە ڕەسمی گومرگی بۆ کراوە، لە کاتی هاتنە ناوەوە ڕەسمی گومرگی و باجی دەرامەتی لێوەرناگیرێت تەنها کرێی پشکنینیان لێ وەردەگیرێت.

**2-** هەموو ئەو کاڵا و بابەتانەی کە لێخۆشبوونیان بۆ کراوە لە کاتی چوونە دەرەوە دا ( هەناردە کردن) بەو بەرێژەیە ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێ کە لە پێناسەدا دیاری کراوە .

**3-** لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی لەلایەن بازرگان ، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی تایبەت بەو کەل و پەلانەی کە لێخۆشبوونیان بۆ کراوە، کار بە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی هەرێم و یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراو دەکرێت.

**4-** هەموو ئامێر و کەل و پەل و کاڵایەك کە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق دێت و ئەگەر بەپێی (یاسا) لێخۆشبونی بۆ کرابێت لە ڕەسمی گومرگی و ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی هەرێمی هەبێ ، پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکرێت:-

أ- وەزارەتی پەیوەندیدار بە واژووی جەنابی وەزیر یان بریکاری وەزارەت نووسراو ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکات بە مەبەستی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی.

ب- دەبێت لیستی پێداویستیەکانی کە مەبەستە لە گومرگ بەخشرێن هاوپێچی نوسراوەکە بکرێت و مۆرکرابێ لە لایەن وەزارەتی داواکار.

ج- جۆرو بڕی لیستەکانی ناو براوی خاڵی سەرەوە بەزمانی کوردی یان عەرەبی بەرۆشنایی لەو لیستەدا دیاری بکرێت وەهاوپێچ بکرێت.

د- سەرجەم سەرەتاکان و بەڵگەنامەکان بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندارەوە بێت.

**5-** کانزا گران بەهاکان ( زێر- زیو- پلاتین- ئەلماس ) لەکاتی هاتنی بۆناو هەرێمی کوردستان لێخۆشبونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ دەکرێت وە پێویستی بە مۆڵەتی هەناردەی بازرگانی نیە ، وە رەچاوی خاڵەکانی بەشی چوارەمی ڕێنماییەکانی گومرگ بکرێت.

**6-** گازوایل و بەنزین و نەوت و غازی شل لەکاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەیان گرێتەوە بەمەرجێك ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت و پێویستی بە مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی نیە .

**7-** خواردەمەنیەکان: (شەکر، ڕۆن ، برنج، ئارد ، زە یتی شل ، گەنم ، شیری ووشکی (تایبەت) بە منداڵآن وە خواردنی تایبەتی منداڵانی ساوا لە بابەتی سریلاك و ... هتد و پێویستی بە مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی هەیە.

**8-** دەرمانی مرۆیی و پێداویستی پزیشکی هەموو جۆرێك فەرامۆش دەکرێت . بەمەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی هەبێت و پێویستی بە مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی هەیە.

**9-** دەرمانی لەناو بردنی نەخۆشی ئاژەڵ و پەڵەوەر (بەیتەری) و دەرمانی لە ناو بردنی نەخۆشی کشتوکاڵی بەمەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ و مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی هەبێت.

**10-** کەل و پەلی پڕوپاگەندە (دعایە) کە کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت و پێویستە کەل و پەلی پڕوپاگەندەکە و ئەو کاڵآیەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ پێکەوە لە ناویەك هۆکاری گواستنەوە (وسائگ النقل) وەك فڕۆکە و شاحینات و کۆنتێنەر و بارهەڵگرەکانی تر .... هتد بارکرابێت بە مەرجێك کەل و پەلی پڕوپاگەندە کە لە یەك تەن زیاتر نەبێت وە ئەگەر لە یەك تەن زیاتر بوو یان ئەگەر بەتەنها بارکرابێت پێویستە کاری گومرگی بۆ ئەنجام بدرێت جگە لە کەل و پەلی پڕوپاگەندەی تایبەت بە (جگەرە) کا هاتنە ناوەوەی بەپێی یاسای (مکافحە التدخین)ی هەرێمی کوردستان ژمارە (**31**)ی ساڵی (**2007**)، قەدەغەیە.

**11-** کەل و پەل و کاڵآی هاوردەکراو لە لایەن لایەنە بیانیەکان بە مەبەستی بەشداری کردن لە پێشانگا نێودەوڵەتیەکان کە لە عێراق و هەرێم دەکرێنەوە کە بۆ پڕوپاگەندە و خوان و ئاهەنگ و خستنەڕوو و جوان کردنی لە گۆشەی پیشانگاکە دادەندرێن، بەخشراون لە ڕەسمی گومرگی بەمەرجێك کۆی ڕەسمی گومرگیە بەخشراوەکە ، بەم شێوەیە بێت کە لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (**164**)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**) ساڵی (**1984**) ی هاتووە .

**12-** نمونەی بازرگانی (العینات التجاریە) لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەگرێتەوە.

**13-** کەل و پەلی کەسێتی (الامتعە الشخصیە) و ( کەل و پەلی ناو مال ) جگە لە (ئۆتۆمبێل) لەکاتی هاوردەکردنیاندا بەپێی ماددەی (**162**)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**) ساڵی (**1984**) بەخشراون لە ڕەسمی گومرگی.

**14-** کەل وپەل و پێداویستی و سوتەمەنی فرۆکەخانە و کۆمپانیای فرۆکەوانی ناوخۆی و دەرەکی بەمەرجێك لە سنوری فرۆکەخانە هاوردەبکرێت و لە سنوری فرۆکەخانە نەچێتە دەرەوە بە ڕەچاو کردنی بڕگەی (أ) یەکەم / لە ماددەی (**166**)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی **1984** وە بۆ پاڵپشتیەك بۆ بوژانەوە لایەنی فرۆکەوانی و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان .

**15-** پەرتوك ورۆژنامەو گۆڤار و کتێبی ئاینی ئەلکترۆنی بە مەرجێك ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە پێویستی بە مۆڵەتی هاوردەی بازرگانی نیە.

**16-** ئەو کەل و پەلانەی لە ڕێگای پۆستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنارده و هاورده دەکرێن لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەیان گرێتەوە و تەنها کرێی پشکنینی لێ وەردەگیرێت.

**17-** مەڕومااڵات و گاو گۆلك ( ڕەشە ووڵاغ ) لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەیانگرێتەوە بەمەرجێك ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت لە کاتی هاوردەکردندا وە پێویستە مۆڵەتی هاوردەی بازرگانی هەبێت.

**18-** کالآ و کەل و پەلی وەك ( خواردەمەنی و دەرمان و پێداویستی پزیشکی وکشتوکاڵی و ڤێتێنەری و مەڕ و مالآت ) کە لە ڕێنمایی ناویان هاتووە و بەخشراون لە ڕەسمی گومرگی ئەگەر مۆڵەتی هاوردەی بازرگانیان نەبوو ئەوا بە ڕێژەی (**25٪**) لە ڕەسمی کالاّ کە یان پێداویستیەکە , سزا دەدرێت.

**19–** لێخۆشبوونی (بەخشین) وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ) لە ڕەسمی گومرگی:

**1–** لێخۆشبوونی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم :

أ- ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (**80**) لە یاسای گومرگی عێراقی (**23**)ی ساڵی **1984**ی هەموار کراو وە ماددەی حەوتەم لە یاسای ڕەسمی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە(**21**)ی ساڵی (**1993**) ، هەموو کەل و پەل و کالآیەك (کە لە لایەن ) یان ( بۆ ) فەرمانگە و دام ودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەلآو و ڕێکخراوەکان هاوردەی دەکەن ، پێویستە رەسمی گومرگی و باجەکانی بۆ ئەو کەل و پەل و کالآیانە بدات ، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بە دەقێکی یاسایی تایبەت لەو ڕەسم و باجانە دەبەخشرێت کە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە سەر بێت .

ب- بەپێی بڕگەی یەکەم / ب لە ماددەی (**155**) و ( **165** ) ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**) ساڵی (**1984**) ی هەموار کراو، لە کاتی هاوردەکردنی هەر کالآ و کەل و پەلێك کە وەك هاوکاري و یارمەتی و بەخشین (الهبات والتبرعات ) دەیهێنن بۆ ڕێکخراوە میللیەکان یان دام ودەزگا میریەکان و ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداریان هەیە ، بەخشراون لە ڕەسمی گومرگی گشت باجەکان تەنها کرێ ی پشکنینیان لێ وەردەگیرێت بە مەرجێك هەموو سەرەتاکان و (بەڵگەنامەکان) ی کە تایبەتە بە کەل و پەلە هاووردە کراوەکان پێویستە بە ناوی ئەو وەزارەتەوە بێت یان ئەو فەرمانگەیەوە بێت یان بە ناوی ڕێکخراوە خێرخوازیەکانەوە بێت وە بەکارهێنانیشی دەبێت بە هەمان شێوە بۆ دام و دەزگاکە یان فەرمانگەکە یان ڕێکخراوەکە بێت کە لێخۆشبوونی بۆ کراوە .

ج- ئەو دام و دەزگا و پرۆژانەی (بەپێی یاسا) لێخۆشبوونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ کراوە ، لەکاتی هاوردەکردنی کەل و پەل کە تایبەتە بەخۆیان نەك فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن، پێویستی بە مۆڵەتی بازرگانی (نی یە) بۆ نموونە : پرۆژەکانی وەبەرهێنان ، دەزگاکانی خێرخوازی، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، سەرجەم پێداویستیە دیبلۆماسیەکان ، هاوکاریە مرۆییەکان، کەل و پەلی کەسیەتی (الامتعه الشخصیه) ، پێداویستی فرۆکەوانی ناوخۆ .

2– لێخۆشبوونی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەند (عێراق) :

ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (**80**) لە یاسای گومرگی عێراقی (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراو هەموو کەل و پەل و کالآیەك (کە لە لایەن ) یان ( بۆ ) فەرمانگە و دام ودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەلآو و ڕێکخراوەکان هاوردەی دەکەن ، پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجەکانی بۆ ئەو کەل و پەل و کالآیانە بدات، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بە دەقێکی یاسایی تایبەت لەو ڕەسم و باجانە دەبەخشرێت ، وە لەکاتی بەخشیندا (بەیاسا) کار بەم خالآنەی خوارەوە بکرێت :

أ- لیستی کالآکان ڕوون وئاشکرابێ وە ماددەکاني تێدا دیاربێت وە ژمارە و پێوانە و کێش بە ووردی ڕوون کرابێتەوە ، لە هەمان کاتدا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی وعەرەبی بۆ دڵنیابوون لە بڕ وجۆری وردەکاری کالآکان.

ب- ووردبینی تەواو لە لیستی مۆرکراو بە مۆری زیندوو ڕاستی و درووستی هاوپێچەکان لە کاتی هاتنی نووسراو لە دەستەی گشتی گومرگی عێراقی فیدراڵ.

ج- پێویستە نووسراوەکانی بەخشین وێنەیەك لە گرێبەستەکاندا هاوپێچ بێت و ئاماژە درابێت کە کەل و پەل یان کالآکە لێخۆشبونیان لە باجی گومرگی بۆ کراوە .

20- لێخۆشبوونی کۆمپانیاکاني نەوت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ڕەسمی گومرگی :

هەموو ئەو کەل و پەل و کالآیانەی کە لە لایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرەکانی نەوت کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە، هاوردەدەکرێن پێویستە ڕەسمی گومرگی بۆ ئەو کەل و پەل و کالآیانە بدات تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بەیاسا یان دەقێکی تایبەت لەم ڕەسم و باجانە بەخشرابێت ، وە دەبێت لە گرێبەستەکاندا ئاماژەی پێدرابێت .

21- لێخۆشبوونی ڕێکخراوە خێرخوازەکان و ناحکومیەکانی هەرێم :

أ- گشت ڕێکخراوە خێرخوازیە نێودەوڵەتیەکان لەکاتي هاووردەکردني پێداویستیەکان بە مەبەستی یارمەتی و بەخشین وهاوکاري مرۆیي بۆ ناو هەرێم وعێراق لە ڕێگای دەروازەکانی هەرێمەوە دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بەپێی ماددەی (**165**) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**)ی هەموارکراو بەمەرجێك نووسراوی فەرمی بهێنێت لە لایەن وەزارەتی پەیوەندیدار و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە وە سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە پشتگیری لێ بکات بەنوسراوی فەرمی کەبریتین لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر- سلێماني- دهۆك - هەڵەبجە) لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین و لایەنی پەیوەندیدار.

ب- بەپێی یاساي ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێم ژمارە (**1**) ی ساڵی (**2011**) لە ماددەي (**14**) بڕگەی (**4**) ، دەزگا و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆی (هەرێم) دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بەمەرجێك ئەو ڕێکخراوە ناوی تۆمارکرابێت لە فەرمانگەي ڕێکخراوە ناحکومیەکان مەبەست لە هاوردەکردن کاری خێرخوازی و بەخشین بێت .

22- لێخۆشبوونی دەستەکانی دبلۆماسي و کونسوڵگەریيەکان لە باجی گومرگی:

بۆ بەخشینی گشت سەفارەت و کونسوڵگەری وکەسایەتیە دبلۆماسیەکان لەڕەسمی گومرگی وسەرجەم باجەکانی تر بۆ هەر کەل وپەل وکالآیەك کە هاوردەی دەکەن بۆ بەکارهێنانی کەسی یان بەکارهێنانی فەرمی (بێجگە لەکالآی خۆراکی و مەشروباتی ڕۆحی وجگەرە) وە پێویستە ڕەچاوی ماددەکانی (**156,157،158،159،160**) ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) هەموارکراو بکرێت وە هەر بەخشینێك بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە ئاگاداری

وەزارەتی دەرەوەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم یان وەزارەتی ناوخۆ بێت ، وە ئەو کالآیانەی کە هاوردەی دەکەن پێویستە لەگەڵ پێداویستی راستەقینەیان بۆ ئەو کالآیانە بگونجێت و وە وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە کە ڕادەیەك بۆ ئەو برە کاڵایانە دابنێت و سنورداری بکات.

23– لێخۆشبوونی پرۆژەکانی وە بەرهێناني هەرێم و عێراق بەم شێوەیە دەبێت:

أ–لێخۆشبوونی پرۆژەکانی وە بەرهێنانی هەرێم :

**1-** سەرجەم پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (**4**)ی ساڵی (**2006**) دەبێت مۆڵەتی وەبەرهێنانیان لە هەرێم هەبێت .

**2-** بەپێی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (**4**)ی ساڵی (**2006**) هەموو کەل و پەلە سەرەتاییەکان (المواد الاولیە) کە لە لایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرەکانی وەبەرهێنانەوە بە مەبەستی بەرهەم هێنان هاوردە دەکرێن ، بۆماوەی (**5**) پێنج ساڵ لێخۆشبوونی لە ڕەسمی گومرگی بۆ دەکرێت بەمەرجێك بڕو جۆری کەل و پەلە سەرەتایەکان لەلایەن دەستەی گشتی وەبەرهێنانەوە دیاری کرابێت لە ڕێکەوتی دەست بەکاربوونی بەرهەم هێنانی یان خزمەتگوزاری ، دوای ماوەی دیاری کراو پێویستە بەپێی یاسا و ڕێنمایەکانی گومرگ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

**3-** بەپێی بڕگەی شەشەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (**4**) ی ساڵی (**2006**) ، وەبەرهێن کە مۆڵەتی وەبەرهێنانی هەرێمی هەیە لەکاتی هاوردەکردنی هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکەی لە ئامێر و دەزگاو پێداویستیەکانی تر (الأت و الأليات و المعدات والأجهزه) لەدەروازەکانی سنوری هەرێمی کوردستان دەبەخشرێن لە هەموو ڕەسمی گومرگی بەمەرجێك بۆ پرۆژە وەبەرهێنانەکەی بەکاری بهێنێت ئامێر و کەل و پەلەکانی تایبەت بە کارگەی وەبەرهێن تەنها لەو ماوەیەدا دەبەخشرێن کە لە فەرمانی پێدانی مۆڵەت یان لە فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆتایي دیاری کراوە بۆ جێ بەجێ کردن و تەواو کردنی پرۆژەکە .

**4-** لە کاتی هاووردەکردنی ئامێر و دەزگا و پێداویستیەکانی کە بۆ فراوان کردن و پەرەپێدان و نوێ کردنەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان (جگە لە کەرستەی سەرەتایي) لێخۆشبوونیان بۆ دەکرێت بە مەرجێك فەرمانی فراوان کردن و پەرەپێدانیان هەبێت .

**5-** لە کاتی هاووردەکردنی کەل و پەلی یەدەگ بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بە مەرجێك بەهاکەی لە ڕێژەی لە (**15٪**) ی بەهای ئامێر و دەزگاو پێداویستیەکانی پرۆژەکە زیاتر نەبێت وە بۆ ماوەی (**5**) پێنج ساڵ لە بەرواری دەست بەکاربوونی پرۆژەکە لە بەرهەم هێنان یان خزمەتگوزاری دەست پێ دەکات .

ب– لێخۆشبوونی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی فیدراڵ:

بەپێی یاسای وەبەرهێنانی عێراقی ژمارە (**13**) ی ساڵی (**2006**) وە پشتبەستن بەبەندەکانی ئەو یاسایە سەرجەم پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بەخشراون لە ڕەسمی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراقی کە ڕێژەکەی (**5٪**)ی ڕەسمی گومرگیە .

24– لێخۆشبوونی لایەنی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ :

بەپێی ماددەی (**161**) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (**23**) ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراو  هەموو کەل و پەل وکاڵا و چەك و پێداویستی سەربازی و بابەتی (تەندروستی سەربازی) و هۆیەکانی گواستنەوە و جل وبەرگی سەربازی و ئەمنی .. هتد ، لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەیانگرێتەوە بەمەرجێك ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت.

بەشی سێیەم: کاڵاَ و کەل و پەلە قەدەغەکراوەکان

ئاماژە بە بڕگەی نۆزدەم و بیستەم لە ماددەی یەکەم لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (23)ی ساڵی (1984) و لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو نووسراو و ڕێنماییانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەناردە کردن و هاووردەکردنی کاڵاَ و کەل و پەلە قەدەغەکراوەکان پێویستە :.

یەکەم– ئەم بابەتانە چوونە دەرەوەیان قەدەغەیە تەنها بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندار نەبێت وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ پەسەند بکرێت:

1– دراوی عێراقی .

2– کانزا و بەردە گران بەهاکان.

3– مەڕ ومالآت و ئاژەڵێ دەگمەن (نادر).

4– بابەتی یارمەتی مرۆیی و ئەوانەی ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی میری دابەشی دەکەن.

5– ئاسنە شکاو/ ووردە ئاسن / تەلی دڕکاوی هەموو جۆرێك.

6– شێلمان/ شیشی(سەبە)ی مسلح/ ئاسنی دروستکراوی خام هەموو جۆرێك جگە لە وانەی کە لە کاتی هاوردەکردندا ڕاستەخۆ بە نوێنەر دەرواتەوە دەرەوەی هەرێم وە یان بەرهەمی کارگەی خۆماڵین کە پێویستە پشتگیری لایەنی پەیوەندیداری هەبێت .

7– کەل وپەل ویەدەگی کۆنەی ئۆتۆمبێل و ئامێر (مکائن) ، جگە لەوانەی بەشێوەی ترانزێت هاتووەو دەڕواتەوە دەرەوەی هەرێم .

8– هەر ئۆتۆمبێلێك بەرواری دروست کردنی لە (40) چل ساڵ زیاتر بێت .

9– بردنە دەرەوەی داری بڕاو و خەلۆز (ڕەژوو) قەدەغەیە (جگە لە داری سپیندار) کە پێویستە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت.

دووەم – ئەم بابەتانە هاتنیان بۆ ناو هەرێم قەدەغەیە تەنها بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار نەبێت وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ پەسەند بکرێت:

1– هەیکەلی بڕاوەی ئۆتۆمبێل.

2– بەرمیلی کۆنەي بەکارهاتوو.

3– عەلاگەی ڕەش جگە لە عەلاگەی گەورەی زبڵ.

4– یاری ئاگرین (العاب ناریە) وەك فیشەکەشێتە و دەمە قاچان و ساچمەکانی.

5– دەمانچەی مۆروو هاوێژو چەقۆی حەربەو خەنجەر بۆکس و دارلاستیك و داری شەڕ.

6– ژەهری ماسی.

7– دەبەی پلاستیکی بەتاڵی کۆنە.

8– چەوری و دونگی مەڕ.

9– لایتی لێزەری/ لایتی زینۆنی ئۆتۆمبێل + هۆڕنی هەوایی ئوتۆمبێل.

10– جگەرەی ئەلکترۆنی.

11- کەل و پەلی ڕاوکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە جگە لەکەل وپەلی ڕاوەماسی.

12- پێنوسی حبری سینی بۆ ساختەکاری.

13- بابەتەکانی چاکسازی بەنزین.

14- سەرە منقمەی بگلی غاز دروست کراوی وولآتی چین (صین).

15- پێداویستی دامەزراندنی کارەبای کۆنەی بەکارهاتوو.

16- قەدەغەکردنی هاوردەکردنی غازی فریۆن لە جۆرەکانی (HCFC/ R11) وە (CF2C/R12) چونکە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لەناوبردنی چینی ئۆزۆن (کە ئەوەش لە سەر ڕێنمایی و داواکاری دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان قەدەغەکراوە).

17- لەسەر داوای وەزارەتی ئەوقاف هێنانی منارەی مزگەوت دروستکراوی ئاسن ئێرانی نوك تیژ لەسەر شێوازی تورکی قەدەغەیە بۆ ناو هەرێم.

18- بتّلي غازي مالآن ( بەتالً وپڕ).

سێ یەم- ئەم بابەتانەی هاتن و ڕۆیشتنیان قەدەغەیە:

1- مادده بێهۆشکەرەکان (مخدرات).

2- چەك و تەقەمەنی.

3- بابەتی شوێنەوار (ئاپار)

4- دەست نووسی کۆن (مخگوگات).

5- ماددەی کیمیاوی (مزدوج ) و مادده تیشکدەرەکان.

6-ماددەی ئەسیتیك ئەنهایدراید.

7- وێنە و تابلۆ و ئەفلامی سێکسی.

بەشی چوارەم:  بەردو کانزای گران بەها / دراو

**1**– لەکاتی هاتنی گەشتیارانی بیانی بۆ ناو هەرێم پێویستە فۆرمی تایبەتیان بۆ ڕێك بخرێت بۆ ئەو بڕە زێڕو دراو وگەوهەر وبەردی گران بەهاو (ئەلماس)  کە لەگەڵ خۆیان دا دەیانهێنن لە دەروازە سنوورییە گومرگیەکان و فرۆکەخانەکان بۆ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوەی هەمان بڕ لەگەڵ خۆیان ببەنەوە  دەرەوەی هەرێم.

**2**– هەر هاوولآتیەکی عێراقی کە نیشتەجێ ی دەرەوەیە بۆی هەیە تەنها بڕی (**250**) دوو سەد و پەنجا گرام زێڕ لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە.

**3**– هەر هاوولآتیەکی دانیشتووی عێراق یان هەرێم لەکاتی سەفەر کردنی کاتی (ئیش و کار) بۆ دەرەوەی وولآت بۆی هەیە بڕی (**50**) پەنجا گرام زێڕ و (**50**) پەنجا گرام زیو لەگەڵ خۆی ببات.

**4**– بە لەبەرچاوگرتنی ماددەی چوارەمی یاسایی بانکی ناوەندی عێراقی ژمارە (**56**)ی ساڵی (**2004**)  وە پابەند بوون بە یاسایی سپی کردنەوەی دراو ژمارە (**93**) ی ساڵی (**2004**) ی عێراقی ، هەر هاوولآتیەکی عێراقی یان بیانی لەکاتی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی عێراق وەگەڕانەوەی بۆی هەیە بەم ڕێژەیەی خوارەوە دراو لەگەڵ خۆی ببات و بهێنێتەوە.

أ- بڕی (**$10,000**) دە هەزار دۆلاری ئەمەریکی یاخود هەر دراوێکی بیانی کە دوای ئالوگۆڕکردنی پارە کە بە دۆلار لە (**$10,000**) دە هەزار دۆلار زیاتر نەبێ لەگەڵ (**200,000**) دووسەد هەزار دیناری عێراقی.

ب- ئەگەر بڕی پارەی ئاماژە پێکراو لەو ڕێژەیە زیاتر بوو کە لەخالی (أ) داهاتووە لەکاتی چوونە دەرەوەو هاتنە ناوەوە بۆ عێراق یان هەرێم دەبێت لەرێگای بانکی ناوەندی عێراق یان هەرێم بگوازرێتەوە وە لەدەروازە سنووریەکان پێویستە بەناوی کەسی پەیوەندیدارەوە بێت.

ج- ئەگەر بڕی پارەی ئاماژە پێکراو لەو بڕە زیاتر بوو کەلە خالی (أ) داهاتووە وە هەوڵی بردنە دەرەوەی یان هاوردەکردنی درابێت بە شێوەیەکی نا یاسایی و قاچاغ پێویستە پارەکە لە بانکی ناوەندی هەرێم بەشێوەی أمانات دابنرێ و پاشان لەو بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەی کە پارەکەی لێ دەستگیر کردوە بکرێت بە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراوی عێراقی یەکلایی بکرێتەوە (ڕێژەی (**2٪**) لە بڕی پارەکە بکرێت بە بنەما بۆ یەکلایي کردنەوەی کێشەی گومرگی تایبەت بەو بڕە پارەیەی کە بەشێوەی  نایاسایي (قاچاخ) هەنارده و هاوردەدەکرێت.

5- بڕی (**40,000**) چل هەزار دینار وەر بگیرێت وەك کرێی  پشکنین بۆ (**1**) یەك کیلۆ گرام زێر لەکاتی هێنان و بردنی بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕەسیدی بڕ و کێشی هەناردەکراو و گەڕاندنەوەی .

**6**- بڕی (**10,000**) دە هەزار دینار وەربگیرێت وەك کرێی پشکنین بۆ یەك کیلۆگرام زیو لەکاتی هێنان و بردنی بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕەسیدی بڕ و کێشی هەناردەکراو و گەڕاندنەوەی .

**7**- بابەتەکانی ئەڵماس و بەردی گران بەها لەکاتی هێنان و بردن بڕی (**75,000**) حەفتا و پێنج  هەزار دینار وەك کرێی پشکنین وەردەگیرێت بۆ (**1**کغم) بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕەسیدی بڕ و کێشی هەناردەکراو و گەڕاندنەوەی .

8- لەکاتی هاوردەکردنی زێر پێویستی بە پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری هەیە.

**9**- لەکاتی بردنە دەرەوەی زێڕی شکاو وە هێنانەوەی دوای چاککردنەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:-

أ- لە هەر گەشتێکدا بازرگان بۆی هەیە تەنها بڕی (**100** کگم) لە زێر لەگەڵ خۆی ببات بۆ دەرەوە وە بۆ زیو تابڕی کەفالەکەی بباتە دەرەوە , وە پێویستە لە ماوەی (**6**) شەش مانگ ئەو بڕە زێڕەی یان زیوەی کە بردویەتیە دەرەوە بیگەڕێنێتەوە ئەگەر لەو ماوەیە نەی گەڕاندەوە بکرێت بە کێشەی گومرگی بە بڕی (**1**٪) لە بەهای زێڕەکە یان زیوەکە بۆ هەر مانگێك سزای دواکەوتن بدرێت وە پێویستە زێڕنگر کە بازرگانی بەزێڕەوە دەکات کۆمپانیای هەبێت لە کاتی بردنە دەرەوە , وە بۆ هاووردەکردنی پێویستە بە ناوی کۆمپانیایەك تۆمار کرابێت.

ب- بۆ (**1**کغم) زێر بڕی (**15.000.000**) پانزە ملیۆن دینار کەفالەتی ْلی وەربگیرێت وە بۆ گەڕانەوەی دەبێت لە ماوەی (**90**) نەوەد رۆژ دا بێت وە هیچ کەفیلێکی تری لێوەرناگیرێت تاکو ئەم بڕەی پاکتاو نەکات کە بردویەتی.

ج- بۆ (**1**کغم) زیو (**500.000**) پێنج سەد هەزار دینار کەفالەتی ْلی وەربگیرێت.

د- بۆ (**1**کغم) بەردی گران بەها (**30,000,000**) سی ملیۆن دینار کەفالەتی لێ وەربگیرێت .

ه- هەموو بازرگانێك ئازادە لە هاووردەکردنی زێڕ, بەڵام ڕەسید تەنها بۆ ئەو بازرگانانە دەکرێتەوە کە بەناوی کۆمپانیاوە زێڕ هاوورده دەکەن وە پێویستە ئەستۆپاکی زێر بهێنن لە باجی دەرامەت.

**10**- گەشتیاری بیانی بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە زێرو زیو وسەرجەم بەردو کانزا گرانبەهاکان بباتە دەرەوەی هەرێم جگە لەوەی لەکاتی هاتنی ڕایگەیاندووە و بۆی تۆمارکراوە.

**11**- لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی بۆ زێر و بابەتەکانی، کێشەکەی ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی لەو کێشانەی کە پەیوەندی بە ڕاگەیاندنی گومرگی (بیان التصریحە) هەیە وە پێویستە نرخی زێڕ لە کاتی دەست بەسەرداگرتنی دا و بوونی بە کێشەی گومرگی بە نرخی ڕۆژ دیاری بکرێت.

**12**- هەژمارکردنی ڕەسیدی زێڕی ساڵی ڕابردوو بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە بڕی زێڕی زیاتریان هاوورده کردووە بەراورد بەو بڕەی کە هەناردەیان کردووە دوای پاکتاوکردنی قەرزی کۆمپانیا و کرێ پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری و باجی دەرامەت (**50**٪) ی ئەو بڕە زیادەیەی کە هێناویانە وەك ڕەسیدی یەدەگ هەژمار بکرێت بە مەرجێك ڕەسیدەکە بە ناوی کۆمپانیاکەوە بێت .

## بەشی پێنجەم: ئۆتۆمبێل و ئامێر

**یەکەم:**

ئەو ئۆتۆمۆمبێل و ئامێرانەی کە لە سنوورەکانی تری عێراق دێنە ناو هەرێمی کوردستان بە مەبەستی تۆمارکردن پاش دڵنیابوون لەسەرەتاکانی ئۆتۆمۆمبێلەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئۆتۆمۆمبێلەکە کاری یاسایی بۆ ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدارەوە وە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت:-

أ- مەنەفیستی عێراقی وێنەی ڕەسەن (أصلی) و شێوەو مۆری هیچ گومانی لەسەرنەبێت.

ب- پسوولەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق ( أعادە اعمار )ی لەگەڵ بێت.

ج- پسوولەی محاسبە (37أ)ی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی لەگەڵ بێت.

د- بەڵێن نامەیەك لە فەرمانگەی گومرگ بەشی یاسا بۆسەلماندنی دروستی سەرەتاکان موڵکداری خاوەنەکەی ڕێك بخرێت.

ه- ژمارەی لاشەی (شاصی) ڕەسەن بێت و دەستکاری نەکرابێ و نەبڕابێتەوە.

و- جیاوازی ڕەسمی گومرگی لێ وەر بگیرێت، ئەگەر جیاوازی گومرگی هەبوو.

ز- چەسپاندنی خەسڵەتەکانی( تپبیت مواصفات ) بۆ دەکرێت بە کرێی پشکنین.

ح- بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی (صحە صدور) سەرەتاکان پێویستە بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم لەلای خۆیەوە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ئەم مەبەستە.

**دووەم :**

ڕێگا دەدرێت بە کەل و پەل و یەدەگی ئۆتۆمبێل و ئامێری نوێ بچێتە دەرەوەی هەرێم بە مەرجێك مەنەفێستی هەبێت و سەرەتاکان بیسەلمێنێ کە لەدەرەوە هاتوون.

**سێیەم :**

بۆ پەیڕەوکردنی مۆدێل لە بەرواری 9/1 ی هەموو ساڵێك موۆدێل دەگۆڕێت وە مۆدیلێك سەر دەکەوێت لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێل وئامێر بۆ ناوهەرێمی کوردستان.

**چوارەم :**

لەکاتی هاوردەکردن پێویستە بازرگان مۆڵەتی هاوردەی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی هەبێت ، جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە لێخورین دێت وەك ئۆتۆمبێلی (زریپۆش-درع).

**پێنجەم:**

لەکاتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنترۆڵی جۆری هەیە . جگە لە ئۆتۆمبێلی زری پۆش (درع) و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە سەروی (3) سێ تەن.

**شەشەم :**

سەبارەت بەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی لە دام ودەزگاكانی میری دەفرۆشرێن بە زیادكردنی ئاشكرا ئەگەر ئاماژە نەدرابوو بە وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی، دەبێت پەیڕەوی ئەم خالآنەی خوارەوە بكرێت:-

أ- ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی تۆماركراون لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ كانی هەرێم كڕابێ بۆ میری وپاش چەند ساڵ دەفرۆشرێتەوە بە زیادكردنی ئاشكرا دەبێت موڵكداریەكەی بچەسپێت بۆ ئەو كەسەی كە كڕیویەتی بەئاگاداری بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ.

ب- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لەدەرەوە هاتوون و تۆمار نەكراون لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆكانی هەرێم، كڕابن بۆ دەزگاكانی میری پاشان فرۆشرابن بەزیادكرنی ئاشكرا دەبێت بە پێی ئەومەرجانە كە لە زیادكرنی ئاشكرا بڕیاری لە سەر دراوە كاری بۆ ئەنجام بدرێت.

ج- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی میریان بەستووە كە دەفرۆشرێنەوە بە زیادكردنی ئاشكرا ئەگەر مۆدیلەكانیان لە ساڵی (**1995**) كەمتر نەبوو بە تۆمار دەفرۆشرێن وە لەگەڵ تێپەربوونی هەر ساڵێك مۆدێلێك بەرز دەكرێتەوە لە خوار ئەو مۆدیلە بە هەڵوەشاوە (تەرقین قید) دەفرۆشرێت.

د- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بە زیادكردنی ئاشكرا دەفرۆشرێن مۆدیلەكانیان بەپێی ڕێنماییە كارپێكراوەكان كاری تۆماریان بۆ ئەنجام دەدرێت دوای وەرگرتنی ڕسمی گومرگی بەپێی پێناسە كە لە لایەن ( هێزی عێراقی یان كوردستان یان ڕێكخراوەكان یان هەر لایەنێكی تری نا حكومی ) دەفرۆشرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی.

حەوتەم:

ئەو ئۆتۆمبێلانەی مۆدیلی نوێ لە سەر ساڵی هەموو سالێك بە پێی ژمارە لاشەیان ڕێگای پێبدرێت وە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ناو ژمارەی لاشەیان دیاری نەكراوە لە سەر بەرواری بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبێلەكە ڕێگای پێ بدرێت.

هەشتەم:

چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشە گومرگیەكانی تایبەت بە ئۆتۆمبێل و ئامێر كە گۆڕانكاری تێدا دەكرێت لە بەرێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆ ئاڕاستەی هەرسێ بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەكانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە) دەكرێت .

أ- ئەو ئۆتۆمۆبێل وئامێرانەی گۆڕانكاری لە كابینەی (قمارە) ، لاشە (شاصی) ، كرابێت بەمەرجێك بەڵگەنامەی ڕەسمیان هەبێت تەنها لاشە و پلێتەكەی ڕەسەن بێت چەسپاندنی خەسڵەتەكانیان (تپبیت مواصفات) یان بۆ دەكرێت و كرێی پشكنینیان لێوەردەگیرێت بەبڕی (**15000** ) پانزە هەزار دینار.

ب- پشكنینی ئۆتۆمبێلی (تایبەت و تاكسی) بڕی (**5000**) پێنج هەزار دیناریان لێوەربگیرێت.

ج- ئەو ئۆتۆمبێلانەی لاشە (شاصی) و قەمارەیان جیاوازنیە واتە یەك پارچەن ئەگەر پلێتی قەمارەی كەوتبوو پێویستە دروشمی(شعاری) گومرگی لەلای شوفێر بدرێت بەسزای گومرگی.

د- ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمار كرابوون لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك - هەڵەبجە) مامەڵەی مراندنیان واتە (ترقین قید) یان بۆ دەكرێت لەلایەن خاوەنەكانیانەوە ئەگەر لاشەیان ڕەسەن بێت یان دەست كاری كرابێت یان بڕابێتەوە دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەبێت ئینجا بەرێوەبەرایەتی

گومرگی پەیوەندیدار کاری یاسای بۆ ئەنجام دەدات بە بێ ناردن بۆ دادگای گومرگی پاشان بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیداری لێ ئاگادار دەکاتەوە کاری هەڵوەشاندنەوەی بۆ ئەنجام دەدات.

هـ- ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی ساڵیانەی (سنوی) هەیە تۆمارن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆکان، لاشە(شاصی) و کابینە (قمارە) یان جیاوازە واتە لەیەك جیادەکرێتەوە ئەگەر شاصیان بڕابێتەوە یان ژمارەکانیان دەستکاری کرا بێت هیچ کارێکیان بۆ ئەنجام نادرێت تەنهادەبێ لە ڕێگای دادگای گومرگی بێت بەپێی یاسای گومرگی عێراقی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

و- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کابینە ( قەمارەیان ) لێك جیا دەکرێتەوە لەگەڵ لاشەی کابینەی گۆڕاوە یا کابینەی بڕاوەتەوە یان پلیتەی کابینەی دەست کاری کردوە و ئەوا دەبێت ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت.

نۆیەم :

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لاشە و کابینەیان لێك جیا ناکرێتەوەو بڕاونەتەوە دەبێت تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوە بێت بەمەرجێك خاوەنی داوا بکات لە فەرمانگەی داد نووسی بەلینامە بدات ئینجا کاری یاسایی لە فەرمانگەی گومرگی پەیوەندیدار بۆ بکرێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

دەیەم:

بۆ ئەنجامدانی کاری گومرگی یان یاسایی بۆ ئەو ئوتۆمبێلانەی کە تۆمارکراون پاشان گۆڕانکاریان تێدا نەکرێت، سزاکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

**1**- گۆڕینی ڕەنگەکەی (اللون) بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دوای تۆمارکردن ئەنجام ئەدریت (**2**٪)ی ڕەسمی گومرگیەکەی × (**2**) دەکرێت.

**2**- ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لاشە (شاصی) و کابینە ( قمارە ) یان جیاواز نیە (بەلەمن) دەسکاری پلێتەیان کرابێت وە ژمارەی حفریان ڕەسەن بیت **2**٪ وە ڕەسمی گومرگی ×**2** دەکرێت.

**3**- دەستکاری پلیتەی کابینە ( قمارە ) لە ئەنجامی کۆن بون یان دەعم ...هتد ژمارە شاصی قمارە یان جیاوازە (**5**٪) ڕەسمی گومرگیەکەی ×(**2**) دەکرێت.

**4**- ئەگەر ژمارەی لاشە(شاصی) دەستکاری کرابێت یان چاپی دەرەوە بێت سزاکەی بە ڕێژەی (**10**٪) ڕەسمی گومرگی ×(**2**) دەکرێت بەڵام ئەگەر ژمارەی لاشە (شاصی) لە ئەنجامی دەعم یان خۆرکەو کۆن بوون دەستکاری کرابێت سزاکەی بە ڕێژەی (**5**٪) ڕەسمی گومرگی ×(**2**) دەکرێت.

**5**- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەی (شاصی) یان ڕەسەنە و زیاتر لە جێگەیەك پلێتی قمارەیان هەیە لە کاتی کەوتنی یەکێك لە پلیتەکان، تەنها چەسپاندنی خەسڵەتەکانی (تپبیت مواصفات) بۆ بکرێت.

**6**- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لاشەو کابینەیان کە لێك جیاناکرێتەوە (بەلەمن) زیاتر لە جێگەیەك ژمارەی شاصی و پلێتەیان هەیە ئەگەر دەسکاری یەکێك لە ژمارەکان کرابوو لە جێگەکەی تر ڕەسەن بوو، ئۆتۆمبێلەکەش بڕاوە نەبوو چەسپاندنی لە خەسڵەتەکانی (تپبیت مواصفات) بۆ بکرێت .

**7–** ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەشێوەی نایاسایی دەستکاری ژمارەی (شاصی) یان کراوە یان شاصی گۆڕاوەو سەرەتا ( اولیات)ی یاسایی نیە بە یاسای گومرگی عێراقی مامەڵەي لەگەڵ بکرێت .

**8–** ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەهاکەیان لە پێناسەدا نیە پلێتەکەیان کەوتووە (5٪) ڕەسمی گومرگی ×(2) دەکرێت بەهاکەی بەلێژنە دیاری دەکرێت.

**9–** بۆدی لۆری، بۆدی گەلآبە، عارەبانەی تەنکەر، عارەبانەی فلات ئەگەر دروستکراوی ناوخۆ بێت یان لەشارەکانی تری عێراق دروست کرابێت ، بە پێی پێناسە ڕەسمی گومرگیەکەی دیاری دەکرێت، دواتر بەرێژەی (5٪ ) ڕەسمی گومرگیەکەی × (2) دەکرێت.

لەکاتی ئەنجام دانی کاری یاسایی، وەك سزا بە مەرجێ ئەو گۆڕانکاریە ژمارە و دروشمی گومرگی لێ بدرێت.

**10–** لاشەی عارەبانە ئەگەر پلێتەکەی دەست کاری کرابوو وە حفری لاشەی ڕەسەن نەبوو یاخود حفری لاشەو پلێتەکەی دەست کاری کرابوو پێویستە ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت.

**11–** ئەگەر حەفری لاشەی عەرەبانە ڕەسەن بوو وە پلێتەی نەبوو چەسپاندنی خەسڵەتەکانی بۆ دەکرێت بە کرێی پشکنین.

**12–** عارەبانەی ترێلە کە دروستکراوی بیانیە و سەرەتای نیە و ژمارەی لاشەی ڕەسەنە و دەستکاری نەکراوە دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت ئینجا کاری تۆماری بۆ دەکرێت ، بەهاکەی دەخەملێنرێت بەرێژەی( 5٪ ) ی بەهاکەی ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت.

**13–** هەر عارەبانەیەك ئەگەر حفری لاشەی نەبوو لاشەی تەنها پلێت بوو پلێتەکە ڕەسەن بوو پلێتەکەی بۆ بکرێت بە ژمارە و دروشمی گومرگی , لەبەر ئەوەی پلێتەکەی قابیلی کەوتن و لێبوونەوەیە.

**14–** لاشەی عارەبانەی (ترێلە) ئەگەر ژمارەی لاشەی لەسەر حەفر و پلێتە بوو حەفرەکەی ڕەسەن بوو بەلآم پلێتەکەی دەستکاری کرابوو یان کەوتبوو تەنها کرێی پشکنینی لێوەر دەگیرێت پنتە و دروشمی لێ نادرێت ژمارەی ڕەسەنی سەر عارەبانەکەی بۆ دەچەسپێندرێت.

**15–** ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ڕێگایان پێ دەدەرێت بۆ ناو هەرێم پاشان لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە کاتی پشکنیندا دەردەکەوێت ژمارەی لاشەیان ڕەسەن نیە پێویستە ڕەوانەی ئەو دەروازەیە بکرێتەوە کەلێوەی هاتووە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە وەدواتر بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگادار بکرێتەوە ئینجا ڕەوانەی بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بکرێت بە مەبەستی پێدانی ژمارە و دروشمی هەرێم بۆ لاشەکەی.

**16–** گۆڕینی ئۆتۆمبێلی (خەباتە) بۆ ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

**17–** ئەو ئۆتۆمبیل و ئامێرانەی کە دەکرێتە کێشەی گومرگی وە ئەگەر کیلومەتر سفر بوو لە سەر بەهای پێناسەی گومرگی بەهاکەی دیاری دەکرێت وە ئەگەر بە کار هاتبوو لە ڕێگای لێژنەیەکەوە بەهاکەی بۆ دیاری دەکرێت.

**یانزە:**

أ- گۆڕینی کابینه (قماره) یان لاشه (شاصی) قەدەغەیە جگە لەو کابینه (قماره) یان لاشە کە سەرەتایان هەیە کە دەیسەلمێنێ لە دەرەوە هاتووە یان بە نووسراوی ترقین قید لە مەزادی ئاشکرا کڕاوە پاشان کابینە کۆنەکە پان بکرێتەوە وە لاشە کۆنەکە پارچە پارچە بکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندی دار.

ب- بۆ هێنانی کابینەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە دەرەوەی هەرێم کۆنووسی پشکنینی بۆ ڕێك دەخرێت لەلایەن لیژنەی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ پاشان بە نووسراو ئاراستەی ئەو دەروازەیە دەکرێت کە کابینەکەی لێ دێتە ناو هەرێم.

دوانزه:

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بێ ژمارەن و بێ سەرەتان وەزارەتی ناوخۆ داوا دەکات تۆمار بکرێن یان تۆمار کراون بەپێی بلاّونامەی ژمارە (**6**)ی ساڵی (**2003**) و بەپێی ڕێنماییەکانی بەشی پێنجەم خاڵی (**5**) هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت وە ئەگەر دەستکاری ژمارەی لاشەیان (شاصی) کرابوون دەبێ ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێن.

سیانزه:

ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمار کراون یان ژمارە کاتین لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شارەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەیەوێ بیباتە دەرەوەی هەرێم بەیەك جاری پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بۆ ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو بە وەرگرتنەوەی ساڵانە و تابلۆ و کوژانەوەی سەرەتاکان بەپێی پێناسە ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت وە ئەگەر مۆدیلیان لە خوار پێناسەی گومرگی بوو بەهاکەی دەخەملێنرێن بەڕێژەی (**1٪**) ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت.

چوارده:

ئەو ئۆتۆمبێلانەی تەمەنیان (**40**) چل ساڵە وەك پاشماوە وەکو (اپار) قەدەغەیە بچێتە دەرەوەی هەرێم.

پانزه:

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستان ئەگەر هەڵە لە ژمارەی لاشەیان لەگەڵ مەنەفێستەکەی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ( هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە) بۆیان ڕاست بکرێتەوە بە مەرجێك ئەو ژمارە هەڵەیە کاریگەری لە سەر گۆڕینی مۆدیل نەبێت وە ئۆتۆمبێلی کیلۆ مەتر سفر ئەگەر (**3**) سێ ژمارەی لاشە سەرەتاییەکەی پێکەوە هەڵە بوون یان هەشتەمین ژمارە کە مۆدیل دیار دەکات هەڵە بێت پێویستە ڕەوانەی دەروازەی ئەو سنوورە بکرێتەوە کە لێوەی هاتۆتە ناو هەرێم بۆ ڕاست کردنەوەیان .

شانزه:

بۆ هێنانی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) بۆ ناو عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە بکرێت بۆ هەر کەسێك و هەر کۆمپانیایەك :-

أ- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە دەسەلاّت بدات بۆ ڕێگاپێدانی هاووردنی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) .

ب- ئۆتۆمبێلی ناوبراو لە بڕگەی (أ) تۆمار دەکرێت لە تۆمارگەی تایبەتی بڕوادار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی عێراق یان هەرێم لە ماوەی (**30**) سی ڕۆژ لە بەرواری هاتنی.

ج– پێویستە فەرمانگەکانی میری و هاوولآتیان و کۆمپانیاکانی کـەرتی تایبـەت و تێکـەلآو وەلایـەنـەکانی تـر هەسـتن بـە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) کە تایبەتە بە خۆیان وە پێشوو تر تۆمار نەکراوە یـان گـۆڕانی بـە سـەردا هـاتووە (تحویر) لە ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زریپۆش لە تۆمارگەیەکی تایبەتی باوەڕپێکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.
د – پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ یان دەسەلآت پێدراو وەربگیرێت لە کاتی گواستنەوەی موڵکیـەتی زریپۆش لە فرۆشیار بۆ کڕیار وە هەروەها (تحویر) کردنی ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ ئۆتۆمبێلی زریپۆش یان گۆڕینی بۆ نـاوی کەسێکی تر.
هـ– بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ بۆی هەیە بڕیارەکانی (احکام)ی یاسایی هاتووچۆی ژمارە (**86**)ی ساڵی (**2004**) جێ بە جێ بکات لە سەر ئەو کەسانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن.
و– لەکاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زریپۆش دەبێت ئۆتۆمبێلەکە بنێردرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گـومرگ بەپێـدانی ڕەزامەندی لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پشکنینی لـە سـەر بکرێـت وە ڕەسـم لـەو پارچـانەی کـە گـۆردراوە وەربگیرێت.
ز– بڕیارەکە ئەو ئۆتۆمبێلە زرێپۆشانە ناگرێتەوە کە بەشێوەی هێنانی کاتی (ادخال کمرك مؤقت) هاتۆتـە نـاو هـەرێم بـە مەرجێك بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بکات بەو ژمارە کاتیە و جۆرو ژمارەی لاشەو مۆدێلەکەی دراوەتە ئۆتۆمبێلی دیاری کراو وە ناونیشانی ئەو لایەنەی کە بەکاری دەهێنـێ لـە مـاوەی (**30**) سـی ڕۆژ.
ر– وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ ئاسـانکاری جـێ بەجێ کردنی بڕیارەکە.
ح- بۆ ئۆتۆمبێلی زریپۆش کاتێ گۆڕانکاری تێدا دەکرێت (دووقات) سزای لێ وەردەگیرێ.

حەڤدە:

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی لاشەیان دەستکاری کراوە یان بۆ هەر گۆرانکاریەکی تر ڕەوانـەی دادگـای گـومرگی دەکرێن لای خاوەنەکانیان بمێنێتەوە پاش وەرگرتنی کەفالـەتی دادنـووس بـە بـەهای ئۆتۆمبێلەکـە تـاوەکو کێشـەکەی لـە دادگای گومرگی تەواو دەبێت.

هەژدە:

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێم پاشان خاوەنەکانیان ڕەخنەیان هەیە لە سەر مۆدیلەکانیان پێویستە بۆ چارەسـەر کردنی کێشەکانیان سەردانی ئەو دەروازەیە بکەن کە ئۆتۆمبێلەکەی لێوەهاتۆتـە نـاو هـەرێم بەمـەرجێك دیـاری کردنـی مۆدیلەکەی لەسەر پێکهاتەکانی نەبێت.

نۆزدە:

أ- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە گەشتیاران لە کاتی هاتنیان بۆ ناو هەرێم لەگەڵ خۆیان دەیهێنن مۆدیلەکانیان لە خوار مۆدیلی ڕێگا پێدراوە ئەگەر خاوەنەکەی نەیویست بیگەڕێنێتەوە دەبێ تەنازول بکات و دەستی بە سەر دادەگیرێت و (مصادرە) دەکرێت بەپێی یاسایی گومرگی عێراقی .

ب- هەر ئۆتۆمبێلێك گەشتیار لەگەڵ خۆی دەیهێنێت مۆدیلی ڕێگا پێدراوە خاوەنەکەی داوادەکات نەیگەڕێنێتەوە پێویستی بەو مەرج و بەڵگەنامانە هەیە :-

1- دەبێ بە لێخورین هاتبێت.

2- مەرجەکانی کوالیتی کۆنترۆلی هەبێت.

3-ساڵیانەکەی ڕەسەن بێت کە بیسەلمێنێ بەناوی ئەو کەسەیە.

4- ئەو کەسە پێویستە عێراقی بێت و بەڵگانامەی عێراقی هەبێت.

5- بە وەکالەت نابێت و بۆ کۆمپانیاش نابێت.

6- پێویستی بە مۆڵەتی هاوردن نیە.

بیست:

أ- دانانی لیژنەی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گومرگی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە) و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی ئۆتۆمبێل کە ڕۆژانە دێتە پێش.

ب- بۆ هەر پێشهاتێك و کێشەیەکی ئۆتۆمبێل و ئامێر لە دەروازە سنووریەکان دێتە پێش بە لیژنەی هاوبەش لە ئاستی پارێزگاکان لەگەڵ دەروازە سنوریەکان بڕیاری لە سەر دەدەن وە ئەگەر نەتوانرا چارەسەری بکەن بە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بڕیاری لە سەر دەدەن .

بیست و یەك:

ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگر و ئامێرانەی کە دێنە ناو هەرێم ژمارەی لاشەیان خۆرکە لێی داوە و ڕەسەنە هەندێك ژمارەیان دیارە مۆدیلەکەیان ڕێگاپێدراوە پێویستە لە سەرەتاکانی لەو دەروازەیەی کە لێی دێتە ناو هەرێم ئاماژەی پێ بدرێت لە ناو مەنەفێست وە ئەگەر مۆدیل لەسەر ژمارەی لاشە دیاری بکرێت ژمارەکانی دیار نەبوون ڕێگای پێنادرێت

بیست و دوو:

ئەو هاوولاّتیانەی کە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنە ناو هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم خالاّنەی خوارەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن :-

1- لە جیاتی وەرگرتنی پاسەپۆرت مۆرێکی تایبەتی بە هێنانی ئۆتۆمبێل لە پاسەپۆرتەکەیان بدرێت لەلایەن بنکەی پاسەپۆرتەوە وە جۆرو مۆدیل و ژمارەی لاشە لەسەر پاسەپۆرتەکەی تۆمار بکرێت .

2- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگەوە پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە بە خەسڵەتەکانیەوە لە فۆرمێکی تایبەت ڕێك بخرێت.

3- لەکاتی گەڕانەوەیان لە هەر دەروازەیەکی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی ڕێگایان پێ نەدرێت لە چوونە دەرەوەیان تاکو ئۆتۆمبێلەکە دەگەڕێننەوە.

**4–** لەکاتی هاتنە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی/ بۆ ناو هەرێم ناو نیشانی تەواوی وەربگیرێت ژمارەی پاسپۆرت و ژمارەی مۆبایل بخرێتە سەر فۆرمی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە .

**بیست و سێ:**

**دەفتەری رێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل (دفتر رخصە تجوال السیارات) .**

ئەو هاولاَتیانەی دانیشتووی هەرێمی کوردستانن بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان سەفەر دەکەن بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ پێدانی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل (رخصە تجوال) لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ڕەچاوی ئەم خالآنەی خوارەوە بکرێت :

**1–** پێویستە خاوەنی ئۆتۆمبێل و بریکارەکانی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن .

**2–** دەبێت ئۆتۆمبێلەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی شارەکانی هەرێم تۆمار کرابێت .

**3–** پێویستە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بکەن بۆ پێدانی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل .

**4–** نیشانەی گلدانەوە (علامە حجز) لە سەر ئۆتۆمبێلەکە دادەنرێت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار، دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ نووسراوێك ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەکات، بۆ دڵنیابوون لە سەرەتاکان و ئەنجام نەدانی مامەڵەی فرۆشتن وبەناو کردن بۆ ئۆتۆمبێلەکە تا وەکو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ئاگاداریان دەکاتەوە لەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە.

**5–** بۆ ئۆتۆمبێلی میری دەبێت نووسراوی فەرمی لە وەزارەتی داواکار ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بکرێت بە واژووی وەزیر یان بریکاری وەزیر .

**6–** خاوەن ئۆتۆمبێل بۆی هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بکات بۆ گۆڕینی ناوی شوفێرەکان و پێدانی دەفتەرێکی رێپێدانی گەڕانی نوێ بە مەرجێك بەهای دیاری کراوی دەفتەرەکە بدات .

**7–** لەکاتی پوچەڵ کردنەوەی دەفتەری گەڕانی رێگا پێدانی ئۆتۆمبێل پێویستە خاوەنی ئۆتۆمبێل یان بریکارەکەی ئامادەبێت وە ئەگەر هات و خاوەنەکەی ئامادەنەبوو پێویستە پاسەپۆرت و ئۆتۆمبێلی مەبەسەت کراو بهێنێت دواتر دەفتەری ڕێگاپێدانەکەی پێ بدرێت.

**8–** برە پارەی دیاری کراو وەردەگیرێت بۆ رێکخستنی دەفتەری رێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل بەم شێوەی خوارەوە:

أ– بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو کرێ و تایبەت بڕی (**160,000**) سەد و شەست هەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ دەفتەری ماوەی (**3**) سێ ساڵی.

ب– بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و کرێ و تایبەت بڕی (**120,000**) سەد و بیست هەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ دەفتەری ماوەی (**2**) دوو ساڵی.

ج – بۆ ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر و تایبەت یان کرێ بڕی (**80,000**) هەشتا هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەفتەری ماوەی (**1**) یەك ساڵی .

د– کرێی پشکنین ، بەبڕی (**40,000**) چل هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ یەك سەفەر و بۆ ماوەی (**6**) شەش مانگ.

ه – لەكاتی دەرچوون و گەڕانەوەی ئۆتۆمبێل لە دەروازەکان کرێی پشکنینی بە بڕی (**7500**) حەوت هەزار و پێنج سەد دیناری لێ وەردەگیرێت .

و– لەكاتی وون کردنی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل دەبێت مامەڵەی وون بوونی بۆ بکرێت لە فەرمانگەی پۆلیس دواتر سزای وون بوونی دەفتەرەکەی لێ وەردەگیرێت بە بڕی (**75000**) حەفتا و پێنج هەزار دینار.

ز– دوای (**1**) یەك مانگ لە بەسەرچوونی ماوەی دەفتەرەکە سزای دواکەوتن بۆ هەر ڕۆژێك بڕی (**1000**) یەك هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ماوەی (**1**) یەك ساڵ وە لە دوای ئەو ماوەیە بڕی (**50٪**) ی لە سزاکە داشکاندنی بۆ بکرێت.

ر– ئەو هاوولاتیانەی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێلیان (رخصە التجوال) دەرهێناوە و هیچ سەفەرێکیان پێ نەکردووە لە هەر ڕێکەوتێك بێت لە سزای دواکەوتنیان دەبوردرێن بەمەرجێك دەفتەرەکەیان وون نەکردبێ.

ح– لەكاتی نەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ ئەگەر خاوەنەکەی لە ماوەی مانگێك دوای ئاگادار کردنەوە پابەند نەبوو بەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی بەپێی ماددەی(**191-192**)ی یاسایی گومرگی ژمارە (**23**) ساڵی (**1984**) ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

خ– بەڕێوەبەرایەتی گومرگی دەروازە فەرمیەکان بۆیان هەیە دەفتەری یەك سەفەری ڕێپێدان بدەن بەو ئۆتۆمبێلانەی تایبەتن لە دوای گەڕانەوەیان دەفتەرەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە .

ن– ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەفتەری ڕێپێدان وەردەگرن، ئەگەر لە دەرەوەی وولآت دەستی بەسەر داگیرا بە تۆمەتی دزیاری یاخود هەر تاوانێکی تر پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندار بگەڕێتەوە بۆ بڕیاری دادگا، دواتر ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی گومرگی پێ وەربگیرێت بۆ پوچەڵ کردنەوەی (إبگال) دەفتەرەکە .

س– ئەو هاوولآتیە بیانیانەی کە لە کوردستان نیشتەجێن وە ئۆتۆمبێلي هەرێمی کوردستانیان بە ناوە یان بەناوی کۆمپانیاکەیانە ڕێگایان پێ دەدرێت بۆ سەفەر کردن بۆ دەرەوەی هەرێم کە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕەزامەندی دابوو بە نووسراویان ژمارە (**12367**) لە **2011/6/6** وە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بە ژمارە (**6208**) لە **2011/6/27** گشتاندن کراوە بە مەرجێك کفالەت بدات ئۆتۆمبێلەکە بگەڕێنێتەوە ، ئینجا دەفتەری ڕێگاپێدانی (رخصە تجوال)ی پێبدرێت .

ع– بەهای ئۆتۆمبێلەکە بەپێی خشتەی دیاری کراوی ناو ئەم ڕێنماییە دیاری دەکرێت وەکاری کەفالەت و کەفیلەکە بەپێی یاسای داد نووسی ژمارە (**33**)ی ساڵی **1998**ی عێراقی دیاری دەکرێت .

## خشتەی دیاری کردنی بەهای ئۆتۆمبێل بۆ دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل

| | ئۆتۆمبێلی صالۆن هەموو جۆرێك + استیشن نزم | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مۆدیل | 2000 بۆ خوارەوە | 2001تاوەکو 2009 | 2010تاوەکو 2012 | 2013 بۆ 2014 |
| | بەها | 4 ملیۆن | 6 ملیۆن | 8 ملیۆن | 10 ملیۆن |

| | ئۆتۆمبێلی استیشن (بڵند) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | مۆدیل | 2005 بۆخوارەوە | 2006تاوەکو 2010 | 2011تاوەکو 2012 | 2013 بۆ 2014 |
| | بەها | 6 ملیۆن | 8 ملیۆن | 10 ملیۆن | 12 ملیۆن |

| | ئۆتۆمبێلی تویوتا لاندگروز استیشن لەم بابەتانە گران بەها بێت | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | مۆدیل | 2005 بۆخوارەوە | 2006تاوەکو 2010 | 2011تاوەکو 2012 | 2013 بۆ 2014 |
| | بەها | 8 ملیۆن | 10 ملیۆن | 12 ملیۆن | 15 ملیۆن |

| | ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر هەموو جۆرێك جگە لە پیك اب | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | مۆدیل | 2000 بۆخوارەوە | 2001تاوەکو 2004 | 2005تاوەکو 2008 | 2009 بۆ 2014 |
| | بەها | 8 ملیۆن | 10 ملیۆن | 12 ملیۆن | 15 ملیۆن |

| ئۆتۆمبێلی پیکاب هەموو جۆرێك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مۆدیل | 2000 بۆ خوارەوە | 2001 بۆ 2004 | 2005 بۆ2008 | 2009 بۆ 2014 |
| بەها | 6 ملیۆن دینار | 8 ملیۆن دینار | 10 ملیۆن دینار | 12 ملیۆن دینار |

**<u>تێبینی/</u> بۆ هەر مۆدیلێك لە دوای ساڵی 2014 بۆ سەرەوە بڕی (1,000,000) یەك ملیۆن دینار دەچێتە سەر بەهاکەی .**

**بیست و چوار:**

**عارەبانە ئەگەر حەفری لاشەی نەبوو تەنها پلێتەی هەبوو وە پلێتەکەشی دەستکاری کرابوو لە سنوورەکان ڕێگایان پێ نەدرێت بۆ ناو هەرێم .**

**بیست و پێنج:**

**أ- ئەو ئۆتۆمبێل و پاسانەی کە وەك کرێ و تایبەت کار دەکەن لە دەروازە سنووریەکان بۆ ماوەی (30) سی ڕۆژ ڕێگایان پێ دەدرێت ئەگەر لەو ماوەیەی کە بۆیان دیاری کراوە دوا بکەون بۆ هەر ڕۆژێك بڕی (3000) سێ هەزار دیناریان لێوەربگیرێت .**

**ب- ئەو هاوولاَتیە بیانیانەی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنە هەرێمی کوردستان و کار دەکەن یان کۆمپانیایان هەیە ڕێگایان پێدەدرێت بۆ ماوەی (6) شەش مانگ بمێننەوە بە مەرجێك ماوەی ئیقامەکەیان یەکسان بێت و بەسەر نەچووبێت .**

**بیست و شەش:**

**1- هێنانی جامی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی هەبێت بەپێی پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت .**

**2- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) دووجار (دووقات) ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت کە لە پێناسەدا دیاری کراوە .**

**بیست و حەوت:**

**لەکاتی هێنانی ئۆتۆمبێلی کەلەپور بۆ ناو هەرێم دەبێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە :-**

**1- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت .**
**2- نابێت تەمەنی ئۆتۆمبێلەکە لە(40) چل ساڵ کەمتربێت .**
**3- دەبێت ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .**
**4- لە کاتی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی بەپێی پێناسەی گومرگی , بە دوایین مۆدیل هەژمار بکرێت و دوو بەرامبەری لێ وەربگیرێت .**
**5- بەڵگەنامەی ڕەسەنی ئەو وولاَتەی هەبێت کە لێی هاووردە کراوە .**
**6- بەڵێننامە لە خاوەنی وەربگیرێت کە مافی کەسی بە سەرەوە نیە .**

**بیست و هەشت:**

**لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشنی بەکارهاتوو لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناو هەرێم کار بە لیستی کۆدی دووەلی بکرێت یان ئەو سەرەتایانەی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەدان لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە (مەنشەئەکەی) واتە وولاَتی دروستکەر دیاری بکرێت .**

**بیست و نۆ:**

لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشن کیلۆ مەتر سفر بۆ ناو هەرێم دەبێ بەڵگە نامەی وولآتی دروستکەر (شهادە المنشأ)ی لەگەڵ دابێت یان لە ناو فۆرمی پشکنین بروانامەی (**COC**) ئاماژە بۆ وولآتی دروستکەر کرابێت .

سی:

لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بەکارهاتوو و نویێ لەگەڵ ئامێری ئینشائی و کشتوکاڵی بۆ ناو هەرێم ئەگەر لە کۆد وولآتی دروستکەری (بلد المنشأ) دیار نەبوو بە لیژنەیەك شوێنی دروستکەری دیاربکرێت بە بەراوورد لەگەڵ سەرەتاکان

.

سی و یەك:

هەموو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرێك لە کاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم دەبێ ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .

سی و دوو:

سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی بە شێوەیەکی کاتی دێنە ناو هەرێم لەلایەن هاوولآتی بیانی یاخود هاوولآتی عێراقی کە لە دەرەوەی هەرێم دەژین ڕەچاوی ئەم خاڵآنەی خوارەوە بکرێت بۆ جێ بە جێ کردن :-

**1-** ئەو کەسانەی ئۆتۆمبێلەکانیان هێناوەتە ناو هەرێم بۆ ماوەی (**2**) دوو مانگ ڕێگایان پێ بدرێت پاش ئەو ماوەیە ئەگەر خاوەنەکەی دوا کەوت پاشان گەڕایەوە بۆ ئەو سنوورەی کە لێوەی هاتووە بڕی (**3,000**) سێ هەزار دیناری لێوەربگیرێت بۆ هەر ڕۆژێك وەکو سزای دواکەوتن .

**2-** ئۆتۆمبێل بە شێوەی کاتی کە هاتۆتە ناو هەرێم ئەگەر ماوەی یاساییەکەی (**2**) دوو مانگی تەواو نەکردبوو بە دەست یەکێکی تر بوو دەبێت , دەستگیر بکرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆ و هەر مەفرەزەیەکی تر ڕەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت بەبڕی (**500,000**) پێنج سەد هەزار دینار سزا بدرێت بەلآم دەبێت خاوەنە ڕەسەنەکەشی ئامادە بێت ئینجا ئۆتۆمبێلەکەی پێ دەدرێتەوە بەلآم بۆ ئەو هاوولآتیانەی کە یەك خێزانن بەیەکەوەن لە دەرەوەی هەرێم دێنەوە ئۆتۆمبێلەکە بەدەست هەر کەسێکیان بێت ئەم سزایە نایان گرێتەوە .

**3-** ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو یان خاوەنەکەی نەی گەڕاندبۆوە پێویستە دەستگیر بکرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆ و هەر مەفرەزەیەکی تر پاشان رەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت بەپێی یاسایی گومرگی عێراق ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ماددەی (**202**) سزا بدرێت وە بەهای ئۆتۆمبێلەکە لە لایان لیژنەیەکەوە دیاری بکرێت لە گومرگی پەیوەندیدار.

**4-** ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە شێوەی کاتی کە هاتۆتە ناو هەرێم پاشان دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی هەرێم جارێکی تر لە لایەن هاوولآتیەکی تر دەهێنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ ئۆتۆمبێلەکە لەم وولآتە بهێنرێت کە تۆمار کراوە، وە سەرەتاکان بەناوی ئەو کەسەوە بێت کە ئۆتۆمبێلەکە دێنێت .

**5-** هەر ئۆتۆمبێلێك مۆدیلی ڕێگا پێدراو نەبوو وە لە دەرەوە (اسقاگ) کرابوو لە دەرەوە ڕێگای پێ نادرێت بەشێوەی کاتی داخیلی ناو هەرێم بکرێت .

**6-** ئەو کەسانەی کەلە دەرەوەی هەرێم دێنەوە و ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان پێ یە دوای وەرگرتنی سەرەتاکان و هێنانی نووسراوی فەرمی لە وەزارەتی پەیوەندیدار یان دەستە بۆیان هەیە ئۆتۆمبیلەکانیان لابێت تا ماوەی یەك ساڵ وە لە کاتی نوێ کردنەوەدا بە هەمان شێوە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار دەهێنێت .

**7-** ئەو هاووڵاتیانەی کە ئۆتۆمبێلی بیانیان پێیەو هاتوونەتە ناو هەرێم لە کاتی سەفەر کردنیان لە فرۆکەخانەکان بۆ دەرەوە پێویستە تا ماوەی (**3**) سێ مانگ شەوانە (**5000**) پێنج هەزار دینار کرێ ی دانانی ئۆتۆمبێل لە گۆڕەپانی گومرگی لێوەربگیرێت وە دەبێت بەڵێن نامە بدات کە تەنازولی کردووە لە دوای تێپەڕبوونی (**3**) سێ مانگ ئۆتۆمبێلەکە ببێت بە موڵکی حکومەت وە مافی پێدانەوەی نامێنێت .

سی و سێ:

لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ ئەنجام دانی پرۆژە لە ناو هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکانەوە دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار یان دەستەی وەبەرهێنان بێت پاشان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ نوسراویان بۆ دەکرێت وە لە دەروازە سنووریەکان کەفالەتیان لێ وەردەگیرێت وە بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ئامێرێك بڕی (**$50**) پەنجا دۆلاری ئەمریکی مانگانە لێیان وەربگیرێت جگە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئینجا ڕێگایان پێدەدرێت بە پێی ئەو ماوەیەی لە گرێبەست دیار کراوە وە لەکاتی گەڕانەوەیان پێویستە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت .

سی و چوار:

ئەو هاووڵاتیە عێراقیانەی لە دەرەوە دەژین پاسەپۆرتی عێراقیان هەیەو ئیقامەی دەرەوەیووڵاتیان هەیە لە کاتی هاتنیان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بۆ ناو هەرێم تەنها پاسەپۆرت و ئیقامەکەی لێ وەربگیرێت .

سی و پێنج:

هیچ کۆمپانیایەك بۆی نیە ئۆتۆمبێل هاووردە بکات بۆ ناو هەرێم بە لێخوڕین تەنها دەبێت بەشحن هاووردەی بکات .

سی و شەش:

هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر لە دەرەوەی هەرێم لە هەموو دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بە یەك شێوە بێت وە سەرەتاکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان وە (سالیانەی بیانی بۆ ووڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ ووڵاتانی عەرەبی فاتوورە یان (شهادە تسفیر) لەگەڵ فۆرمی پشکنین و پسوولەی پارە وەرگرتنەکە لەگەڵ سەرەتاکان (ألاولیات) هەڵبگیرێت .

سی و حەوت:

بۆ ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە سنورەکانی هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکەن :

**1-** ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە سنوورەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەتان بۆ گومرگ کردن نابێ دابگیرێت لە سەر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەکە تاوەکو کاری گومرگی تەواو دەبێت.

**2-** ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بڕیاری گەڕانەوەیان دەدرێت دەبێ پێش گەڕانەوەیان ئاگاداری هەموو سنوورەکانی تر بکاتەوە .

**3-** ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی لاشەیان چاپی دەرەوەیە و پلێتی قەمارەی کەوتووە یان دەستکاری کراوە یان مۆدیلیان ڕێگا پێدراو نیە یان لەبەر هەر هۆیەکی تر کە بڕیاری گەرانەوەیان بۆ دەردەچێت لە هەر یەك لە سنورەکان دەبێ لەو سنوورە بەڵێن نامەی لێ وەربگیرێت کە بیگێڕێتەوە و نەیباتە هیچ سنوورێکی تر وە بە پێچەوانەوە خۆی بەر پرس دەبێت بەرامبەر یاسا ئەگەر پابەند نەبوو بردیە سنوورێکی تر بکرێتە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**)ی هەموارکراو هەڵسوکەوتی یاسایی لەگەڵدا بکرێت .

**4-** داواکردنی بەڵگەنامەی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکە ڕەسەن (اصلی) بێت .

**أ-** بۆ ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفر دەبێ بڕوانامەی ووڵاتی دروست کەر (شهادە منشأ)ی هەبێت .

ب – بۆ ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێ ساڵیانە و بەڵگەنامەی ئەو ووڵاتەی هەبێت کە لێی هاتووە بە فەرمی سەرەتاکانی لە ووڵاتی هاتوو کوژابێتەوە واتا (اسقاگ) کرابێت.

سی و هەشت:

أ– ئۆتۆمبێلی پاس لە (**15** تاوەکو **19**) نەفەر هاتنە ژوورەوەی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

**ب-** هاتنی ئۆتۆمبێلی جام ڕەش یان ئەوانەی جامەکانیان وەك ئاوێنەیە کەس لەناوی دیار نیە بە هەموو جۆرەکانی قەدەغەیە .

سی و نۆ:

سەبارەت بەو بار هەڵگرانەی هاتووچۆی دەرەوەی هەرێم دەکەن ژمارەی کاتین و تۆمار نەکراون یان هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی عێراقن بەم شێوەی خوارەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت

**1-** ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەڵگری ژمارەی کاتی ( دهۆك , سلێمانی , هەولێر )ن ڕێگایان پێنەدرێت کار بکەن هەتا تۆمار دەکرێن لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم.

**2-** ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی پارێزگانی عێراقن کارتی زانیاریان پێدراوە ئاساییە کار بکەن وریگایان لێنەگیرێت .

**3-** ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری (فحص مؤقت) بە هەمان برگەی (**1**) یەك ڕێگای پێنەدرێت هەتا تۆمار دەکرێت لە سنووری حکومەتی ناوەندی و کارتی زانیاریان پێدەدرێت لە هەرێم وەکو برگەی (**2**) دوو.

چل:

**أ-** هەر ئۆتۆمبێلێك لە بنەڕەتدا ژمارەی لاشەی حەفر نەبوو (جگە لە مواصفاتی ئەمریکی) تەنها پلێتەی هەبوو بە مەرجێك پلێتەکەی ڕەسەن بێت ومۆدیلی ڕێگا پێدراو بێت کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت .

**ب-** هەر ئامێرێك لە بنەرەتدا ژمارەی لاشەی بە حەفر نەبوو تەنها پلێتەی هەبوو بە مەرجێك پلێتەکەی ڕەسەن بێت ومۆدیلی ڕێگا پێدراو بێت کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت و ڕەوانەی گومرگی پەیوەندیدار دەکرێت بۆ پێدانی دروشم و ژمارەی هەرێم بۆ لاشەکەی.

چل و یەك:

ڕێگا نادرێت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زیان پێ گەیشتوو و لێدراو (المتچرره والمدعومە) بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان هەرچەندە نوێ و مۆدیلەکەش ڕێگاپێدراو بێت.

چل و دوو:

ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی لە دەرەوەی ووڵات لەسەفارەتەکان کار دەکەن لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ووڵات بەیەکجاری دەتوانن ئۆتۆمبێلێك بۆخۆیان بهێنن بۆ ڕێگا پێدانی مۆدیلەکەیان دەبێ (**5**) پێنج ساڵ زیاتر بەسەر بەرواری دروست

کردنی تێپەرنەکردبێت بە مەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدڕاڵ یاخود ڕەزامەندی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ دا بێت.

چل و سێ:

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بۆ پرۆژەکان دێنە ناو هەرێمی کوردستان و مۆدیلیان ڕێگا پێدراوە بەپێی ڕێنمایی وە کۆمپانیا داوای تۆمارکردن دەکات دەبێت نووسراوی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت پاشان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ڕەزامەندی دەدات و ئینجا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت لەو سنورەی هاتۆتە ناو هەرێم وەکو ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە یەکەم جار دێن بۆ گومرك کردن لەڕووی سەرەتاو ژمارەی لاشەیان.

چل و چوار:

هاتنی ماتۆرسکیلی دوو تایە و سێ تایە بۆ ناو هەرێم قەدەغەیە تەنها ماتۆرسکیلی چوار تایە نەبێت کە هاتنی ئاساییە.

چل و پێنج:

بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە لەدەرەوەی وڵات دەژین و هاوسەری یەکترن واتا (ژن و مێردن) بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنەوە ناو هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلەکە لەسەر ناوی یەکێکیانە و ئەوەیتریان مامۆستای زانکۆ و لەم شێوانەیە بەمەرجێك وەکالەتی بەرامبەرەکەی هەبێت وە نوسراوی لایەنی پەیوەندیدار بێنێت بەمەبەستی نوێکردنەوەی ماوەی مانەوەی.

چل و شەش:

سزای گومرگی سەبارەت بەدەستکاری کردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی ( تەنکر، قلاب ، لۆری ، لەم شێوەیە ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**1-** لەکاتی دەسکاری کردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی (تەنکر ، قلاب ، لۆری ، لەم شێوەیە) سزای گومرگیەکەی بۆ ئەم سەرپێچیە بەپێی جۆری (دعوی) کە لە هەر دادگایەك بە جۆرێك بڕیاری لەسەر دەدرێت و یەك ناخرێت.

**2-** دەستکاری کردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی (تەنکەر و قەلاب و لۆري و لەم شێوەیە) پێویستە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دیاری بکرێت.

**3-** بەهای ڕاستەقیەی عارەبانەی (تەنکەر و قەلاب و لۆری و لەم شێوەیە) پێویستە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دیاری بکرێت.

**4-** سزا گومرگیەکە بە ڕێژەی (٢٥٪) لە بەهای ڕاستەقینەکەی کە بۆ لاشەی عارەبانەی (تەنکەر و قەلاب و لۆری و لەم شێوەیە) دیاریکراوە وەردەگیرێت.

**5-** دوای سزادان پێویستە دروشمی گومرگی هەرێمی نوێی پێ بدرێت.

## بەشی شەشەم

**ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی یاسای گومرگی ژمارە (23)ی ساڵی 1984ی هەموار کراوی عێراقی تایبەت بە تاوان و سەرپێچەکانی گومرگ (الجرائم الکمرکیە) وە چۆنیەتی یەکلایی کردنەوەی کێشە گومرگیەکان.**

**1- لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی ، کاڵا و کەل و پەلی دەست بەسەر داگیراو داشکاندنی گومرگی لە بەهاو ڕەسمی گومرگی بۆ ناکرێت و بەڵکو بڕی بەهاو ڕەسمی گومرگی ناو پێناسەی گومرگی بەتەواوی کاری پێ دەکرێت.**

**2- ڕێنماییەکانی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی یاسای گومرگی ژمارە( 23 )ی ساڵی ( 1984) عێراقی بۆیەکلاکردنەوەی کێشەگومرگیەکان لە گشت بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانی هەرێم بەم شێوەی خوارەوە:-**

**أ- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە گومرگیەکانی هاوردەکردنی کاڵا بۆ ناو هەرێم تا بەهای (25,000,000) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان بێت جگە لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی (ابراهیم خلیل و باشماخ) کە دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گومرگی تا بەهای (50,000,000) پەنجا ملیۆن دینار بێت ، لەو بڕە زیاتر پێویستە کێشەکە بۆ یەکلاکردنەوە ڕەوانەی دادگای گومرگی پەیوەندیدار بکرێت.**

**ب- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی هەناردەکردنی کالا بۆ دەرەوەی هەرێم ڕەسمی گومرگی تا بڕی (2,000,000) دوو ملیۆن دینار بۆ سەرجەم بەڕیوەبەرایەتیەکان و بڕی (3,000,000) سێ ملیۆن دینار بۆگومرگی (ابراهیم خلیل و باشماخ) وە لەو بڕە زیاتر پێویستە کێشەکە ڕەوانەی دادگای گومرگی پەیوەندیدار بکرێت.**

**ج- مەڕ وماڵات، پەلەوەری زیندوو، بابەتی خێرا بەسەرچوو، بابەتی خێرا گڕگرتوو بەهاکەی هەرچەندبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەپێی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە( 23)ی ساڵی (1984) یەکلایی دەکرێتەوە.**

د- بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشە گومرگیانەی کە تایبەتە بەو ئۆتۆمبێلانەی کە جێسازی (دفن) یان هەیە پێویستە کێشەکەی ڕەوانەی دادگای گومرگ بکرێت.

**3-** بڕی ئەو پارانەی کە لە ماددەکانی (**215** تا **220**) کە لە یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی ساڵی **1984** عێراقی هەموارکراو دا هاتووە کەتایبەتن بەتاوانە جۆراوجۆرەکان بڕی سزاکان جارانی (کەرەتی) (**150** ) سەدو پەنجا دیناری پارەی نوێ دەکرێت.

**4-** لە کاتی ڕوودانی سەرپێچی واتە دروست بوونی کێشەی گومرگی پێویستە بەو ڕێژەی کەبەرامبەر بەهاکەی دیاری کراوە لەناو پێناسەی گومرگیدا بکرێتە بنەما بۆ دیاری کردنی ڕەسمی گومرگیەکەی

**5- کرێی خزمەت گوزاری و سزای سەرپێچی گومرگی بەم شێوەیە وەربگیرێت.**

| أ- سزای سەرپێچیەکانی گومرگی | بڕی سزا/هەزار دینار |
|---|---|
| **1-** سزای سەرپێچی ڕێنمایی گومرگی (مخالفه التعلیمات) | **250,000 – 25,000** |
| **2-** سزای زیاد کردن / گۆڕینی ناوی بازرگان لەسەر (**CMR**) | **25,000** بیست و پێنج هەزار |
| **3-** سزای کۆتایی دەفتەری ڕێپێدان | **1000** هەزار دینار بۆ یەك ڕۆژ دواکەوتن دوای تێپەربوونی (**30**) ڕۆژ |
| **4-** سزای دەست کاری کردني کێش لە سەر مەنەفێست جگە لە ناوبراوەکان (جەمەرە ) (**CMR**) | **10,000** |
| **5-** سزای دواکەوتنی ئۆتۆمبێلی ساڵۆنی بیانی دوای (**30**) ڕۆژ | **3000** سێ هەزار بۆ یەك ڕۆژ |
| **6-** سزای نەهێنانی (**CMR**) | **25,000** |
| **7-** سزای مۆر نەکردنی پاسەپۆرت | **50,000** |
| **8-** سزای دوا کەوتنی ئۆتۆمبێلی بار هەڵگری بیانی لە کاتی گەڕانەوەی دوای (**30**) ڕۆژ | **5000** پێنج هەزار دینار بۆ یەك ڕۆژ |
| **9-** سزای وونبوونی دەفتەری ڕێپێدان | **75,000** |
| **10-** سزای وونبوونی فیشەی کۆمپیوتەری هاتن | **25,000** |
| **11-** سزای وونبوونی فیشەی تەرازوی هاتن | **25,000** |
| **12-** سزای وونبوونی نووسراو بۆ بەرێوەبەرایەتی هاتوو چۆ | **10,000** |
| **13-** سزای وونبوونی ناسنامەی (باج) وە سزای وونبونی مامەڵەی گومرگی و پسولەکان | **25,000** |
| **14-** سزای ڕاستکردنەوەی ژمارە / ناوی شوفێر لە کاتی گەڕانەوە | **25,000** |
| **15-** سزای مۆرنەکردنی دەفتەری ڕێپێدان | **30,000** |
| **16-** سزای دواکەوتنی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی بریکار و یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی دە هەزار دینارە دوای (**10**) دە ڕۆژ لە تەواو بوونی مۆڵەتەکە بۆ یەك ڕۆژ وەردەگیرێت | **10,000** |
| **17-** تێپەڕینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ڕێگایەکی ترەوە دێن | **30,000** هەزار دینار |

ب- به لەبەرچاو گرتنی ماددەی (**169**) له یاسای گومرگی عێراقی ژماره (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراو ئەم کرێ و خزمەتگوزاریانه وەردەگیرێت :.

| کرێی خزمەتگوزاری /هەزار/دینار | گوژمەی پاره |
|---|---|
| **1**- کرێی لەناوبردنی کەل وپەل | **100** سەد دینار بۆیەك کگم |
| **2**- کرێی عەمبار کردن(لەکۆگا) بۆ یەك رۆژ بۆ هەر تەنێك | **3000** سێ هەزار |
| **3**- کرێی دانان و بارکردنی شۆفەل و حەفاره و ئالیات | **50,000** پەنجا هەزار |
| **4**- کرێی دانان و بارکردنی کەل وپەل | **5000** پێنج هەزار بۆیەك تەن |
| **5**- کرێی زەوی بۆ دانانی ئۆتۆمبێلی بچووك و تایبەت له گۆڕەپانی گومرگ | **5000** پێنج هەزار بۆیەك رۆژ |
| **6**- نرخی دەفتەری ڕاگەیاندنی گومرگی **50** لاپەره | **15,000** پانزه هەزار دینار |

بەشی حەوتەم: کشتوکاڵی و ئاژەڵی

**1**- بەرووبومی کشتوکاڵی هەرێم لەکاتی چوونه دەرەوەی پێویستی به ڕەزامەندی سەرۆکی ئیدارەی ناوچەکه هەیه که بەروبومەکەی لێ دەچێته دەرەوه به هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناوچەکه وەیان لایەنی پەیوەندیدار.

**2**- مەڕومالآت لەکاتی هاوردەکردنی بۆ ناو هەرێم وه هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم پێویستی بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیه وه پێویسته بۆ ئەم مەبەسته رەچاوی ڕێنماییەکانی ڤێتێرنەری بکرێت.

**3**- لەوەرزی بەرهەمهێنانی سەوزه و میوەی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی بەرژەوەندی جوتیاران دەکرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

**4**- هێنان و بردنه دەرەوەی دەرمان و پێداویستی کشتوکاڵی (زراعی) و نەخۆشی ئاژەڵ (ڤێتێرنەری) پێویستی بەڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ ولایەنی پەیوەندیدار هەیه.

**5**- لەکاتی چوونه دەرەوەی بەرووبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی ناوخۆی عێراق و هەرێم بەرێژەی (**1٪**) ڕەسمی گومرگیان لێوەردەگیرێت بەپێی ئەو بەهایانەی که له پێناسەدا دیاری کراوه جگه له (گەنم و جۆ)که پێویستیان بەمۆڵەتی هەناردن و رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیه وه بەروبومەکانی تری کشتوکاڵی ناوەخۆ پێویستی به مۆڵەتی هەناردەی بازرگانی نیه .

**6– لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆی گەنم و جۆ و وەرگرتنی لەلایەن سایلۆکان، هێنانی گەنم و جۆ بۆ ئالیك لەدەرەوەی هەرێم پێویستە ڕەنگ بکرێت وە بەرێژەی (15٪) کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ نەکرێت.**

**بەشی هەشتەم:تأمینات وکەفالەت**

**1– لەکاتی بردنە دەرەوەی ئامێر و ( مکائن) و (أجهزە) بۆ مەبەستی چاککردنەوەی لە دەرەوەی هەرێم تأميناتی لێوەردەگیرێت بە رێژەی (5٪)ی بەهاکەی تا دەگەڕێندرێتەوە بەمەرجێك ماوەی گەڕانەوەی دیاری بکرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار.**

**2– لەکاتی هاوردەکردنی کەل و پەل و کاڵاو پێداویستیەکان (بەشێوەی کاتی ) لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە گرێبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم و بە پشتگیری لایەنی پەیوندیداریان هەیە پێویستە تأمينات یان (خکاب چمان ) جگە لە کۆمپانیا و بەلێندەرە نەوتیەکان و بەبڕی ڕەسمی گومرگی لێ وەربگیرێت بۆ ماوەی (1) یەك ساڵ وە بۆ ئامێر و ئۆتۆمبێل پێویستە ژمارەی کاتییان پێ بدرێت وە دەکرێت ماوەکە لە سەر داوای وەزارەتی پەیوندیدار و بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری درێژبکرێتەوە.**

**3– لەکاتی وەرگرتنی تأمينات بۆ بردنە دەرەوەی هەر کاڵا و کەل و پەلێك کە چوونە دەرەوەی قەدەغە نیە بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت:–**

**أ– وەرگرتنی تأمينات بەبڕی ڕەسمی گومرگیەکەی.**

**ب– دیاری کردنی ماوەی گەڕانەوە وە دەکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکریتەوە لەسەر داواکاری خۆی بەمەرجێك کەمتربێت لە ماوەی پێشوو.**

ج– لەکاتی نەگەڕانەوە لەماوەی دیاری کراو دەکرێت بە داهاتی کۆتایی.
د– ئەم کارە لەبەشی یاسا ئەنجام دەدرێت و ڕێك دەخرێت.
**4** – لەکاتی وەرگرتنی ( بەڵێن نامە) و( کفالـە) یان (تأمینات) بۆ بردنە دەرەوەی هەرکاڵا وکەل پەلێك وئامێرێك کە چوونە دەرەوەی قەدەغەیە بۆ هەر مەبەستێك بێت پاشان بگەڕێتەوە بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:–
أ– وەرگرتنی (کفالە چامنە) یان (تأمینات ) بە بەهای بابەتەکە.
ب– دیاری کردنی ماوە بۆ گەڕانەوەی کاڵاکە.
ج– دەکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئەگەر داواکاریەکە ڕەوا بوو تەنها بۆ یەکجار بەمەرجێك ماوەکەی کەمتر بێت لە ماوەی پێشوو تر .
د– ئەگەر بابەتەکە گەڕاندرایەوە بەڵام دواکەوت لە ماوەی دیاری کراو بەڕێژەی (**1**٪) لە بەهاکەی بۆ هەر مانگێك سزا دەدرێت بەمەرجێك ماوەکەی لە (**90**) نەوەد ڕۆژ تێپەر نەبێت .
هـ– لە دوای (**90**) نەوت ڕۆژ ئەگەر بابەتەکە نەگەڕاندرایەوە دەبێت بە کێشەی گومرگی بە پێی یاسایی گومرگی ژمارە (**23**) ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراوی عێراقی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

بەشی نۆیەم:ڕێنمایی (ترانسێت **Transit**) تێپەڕین / العبور

لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ( لە کاتی کار کردن و ڕێگەدان بە سیستەمی بازرگانی ترانسێت) پێوستە ڕەچاوی هەموو مادده یاسایی یەکانی تایبەت بە ترانسێت ( العبور ) لە یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراوی عێراقی بکرێت وە گواستنەوەی کاڵاکان بە شێوەی ترانزێت ئەویش دوو جۆری هەیە :–

یەکەم : ترانسێتی نێو دەوڵەتی (دەرەکی):

( تێبینی : لەکاتی ئیستادا لە هەرێمی کوردستان کار بەم سیستەمە بازرگانیە ناکرێت).

ئەم جۆرە گواستنەوەیە بەرنامەیەکی گواستنەوەی نێو دەوڵەتیە بۆ سەرجەم جۆرەکانی کاڵاکان لە ژێر چاودێری گومرگ لە هەر وولاتێك کە تێیدا تێپەڕ دەبێت وە ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە نێوان سێ وولآت کەمتر نابێ وە هەر وولآتێك بەپێی یاسای گومرگی باجی ترانسێت وەردەگیرێت بەو مەرجانەی خوارەوە :–


**1**– بازرگان داوای مۆڵەت دەکات بۆ تێپەڕاندنی کاڵاکەی بە شێوەی ترانسێت لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ) لە داواکاریەکە بابەتەکان بەتێر و تەسەلی ناودەبات و لەگەڵ داواکاریەکە مەنەفێست و بەیانی ترانسێت کە مەبەستە بەناو خاکی عیراقدا بباتە دەرەوە ئامادە دەکات .
**2**– بەلێن نامەی بانك یان چەکی زامین (خگاب چمان) بە بەهای کاڵا کە پێشکەش دەکات.

**3**– بازرگان بەڵێن نامەی بڕوا پێکراو لە دادنووس بدات وە پێشکەشی گومرگەکانی بکات کە ملکەچە بۆ هەر زیانێك کە بەرەنگاری کاڵاکەی ببێت لە ناوخاکی عێراق.
**4**– تەئمیناتی بازرگان دەدرێتەوە کە پشتگیری هێنا لە دەروازەی سنوور بە نووسراوی فەرمی کەوا کاڵاکە لە دەروازەی عیراق دەرچووە.
**5**– دەزگای گومرگی بەر پرس نیە لە هەر زیانێك کە بەرەنگاری کاڵای ترانسێت دەبێت لە کاتی گواستنەوەی لە نووسینگەی گومرگێك بۆ نووسینگەی گومرگێکی تر.
**6**– لە ماوە ی (**72** حەفتا و دوو سەعات) دەبێت کاڵای ترانسێت لە گومرگی هاتوو (دخول) بگاتە گومرگی دەرچوونی سنووری.
**7**– ڕەسمی ترانسێت بە ڕێژەی (**1**٪) لە بەهای کەڵاکان وەردەگیرێ.
**8**– کاڵای ترانسێت بە پاسەوانی پۆلیسی گومرگەکان ڕەوانە بکرێت تاکو دەروازەی دەرچوونی سنووری وە دەبێت پشتگیری دەروازە گومرگیەکە وەربگرێت بە نووسراو.
**9**– ڕەزامەندی وەزارەتی گواستنەوە/ کۆمپانیای گشتی گواستنەوەی سەر زەوی ( نقل بری) هەبێت لاریان نەبێت بۆ ئەو کاڵایانەی بە ترانسێت بڕوات.

دووەم:– ترانسێتی ناوخۆیی (داخلی):
بەرنامەیەکی تری گواستنەوەیە بۆکاڵای هاوردەکراو لەیەك وولآت ، لەخاڵێکی گومرگی سنوور(هاتن) بۆ گومرگی مەبەست لەشارەکانی هەمان وولآت وە بۆ زیاتر شارەزا بوون و چۆنیەتی گواستنەوەی کاڵا و کەل و پەل بە شێوەی ترانسێتی ناوخۆ پێویستیمان بە زانیاری لەسەر پلۆمی گومرگی و چۆنیەتی بەکارهێنانی و ئەو کاڵایانەی کە پلۆم دەکرێت هەیە و ئەرکەکانی گومرگ لەو بوارەدا چی یە، پێویستە دیاری بکرێت هەروەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:–
سێیەم:–پێناسەی پلۆمی گومرگی :
یەکێکە لەو ئامرازانەی کە گومرگ بەکاری دەهێنێت بۆ داخستنی (قفل) بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەکاتی گواستنەوە بە مەبەستی پاراستن و سەلامەتی و بەڕێکردنی کاڵاکان لە ژێر چاودێری گومرگی هاتن بۆ گومرگی مەبەست.

شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی پلۆمی گومرگی :
**1**- سەرەتا پەیکەری ئەسڵی بەدەستێك دەگرین و پاشان بە دەستێکی تر تەلی پلۆمەکە بە کەلێنی تەنیشتی پلۆمەکە تێپەڕ دەکەین رایدەکێشین تا بە پێی پێویست توند دەبێت.




**2-** نووكی بورغیەكە دەخەینە ناو كەلێنی سەرەوەی پلۆمەكە و ئەوەندە دەیسوڕێنین تا ئەو ڕادەی دڵنیا دەبین لە توند بوونی تەلەكە.



**3-** دوای دڵنیا بوون لە بەستن و توندی تەلی پلۆمەكە پاشان بورغیەكە لار دەكەینەوە بە مەبەستی لێكردنەوەی سەری بورغیەكە, بەم شێوەیە كرداری پلۆم كردنەكە كۆتایي دێت.



**چوارەم:– مەرجەكانی بەكارهێنانی پلۆمی گومرگی :**

**1-** دەبێت بارهەڵگرەكان و كۆنتێنەرەكان گونجاوبن بۆ كاری ترانسێتی ناوخۆیی و پلۆم كردنیان وە نابێت بارهەڵگرەكان سەر كراوە بن.

**2-** نابێت بە هیچ شێوەیەك كۆنتێنەرەكان و چادری بارهەڵگرەكان دڕاو یان كونی تێدا بێت و ئەگەر كونی تێدا بێت ، دەستی مرۆڤ بەناویدا تێپەر نەبێت ئەوا لای گومرگ پەسەند دەكرێت .

**3-** تەلی بارهەڵگرە چادرەكان دەبێت یەك پارچە و لە پۆڵا دروستكراو بێت و تەلەكەش لێك ڕاكێشانی نەبێت وەك لاستیك.

**4-** دەبێت ناوبەینی ئەڵقەكان ، وە نێوان ئەڵقەكان و سەرەوەی بۆدی بارهەڵگرەكان بە شێوەیەك بێت دەستی مرۆڤی پێدا نەروات تا نەگات بە كاڵاكان بە مەبەستی دەرهێنانیان.

**5-** ئەلقەكانی دەوروبەری چادری بارهەڵگرەكان دەبێت لەحیم كرابن نابێت بە بۆرغی بەسترابن .

**6-** دەبێت لاولاوی (نرمادە) دەرگا و کێلۆنی دەرگای بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەحیم بێت و نابێت بە بۆرغی بەسترابێت.

**7-** پلۆمی گومرگی دەدرێت لە کێلۆن وشوێنی داخستنی دەرگای بارهەڵگرەکان و دەرگای کۆنتێنەرەکان.

پێنجەم:- ئەو کاڵآیانەی کە پلۆم دەکرێن :-

**1-** کاڵآی ترانزێتی:- ئەو کەل و پەلانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی ترانسێتی (دەرەکی و ناوەکی) هاوردە و هەناردە دەکرێن.

**2-** کاڵآی مەرجدار:- ئەو کەل و پەلانە دەگرێتەوە کە هاوردە و هەناردە کردنی پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە.

شەشەم:- ئەرکەکانی گومرگی هاتن (سەرەتایی):

**1-** پڕکردنەوەی بەڵێن نامە لە لایەن بازرگان یان نوێنەری بازرگان بۆ ئەوەی وەك خاوەن بار هیچ مامەڵەیەك بە کاڵآکان نەکرێت تاکو ئەنجامی پشکنین لە تاقیگەکان دەردەچێت.

**2-** لە لایەن خاوەن بار ڕاگەیاندنی گومرگی پڕدەکرێتەوە بە تەواوی ڕوونکردنەوە لەسەر کاڵآکان دەدات بە گومرگی هاتوو لە رووی (ژمارە و جۆر و کێش) ی کەل وپەلەکان.

**3-** پشکنین بکرێت لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگ بۆ کاڵآکان لە ڕووی (ژمارە و جۆر و کێش) ی کەل و پەلەکان.

**4-** نموونەیەکی کاڵآکە وەردەگیرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری فەرمانگەی پەیوەندارو بازرگان یان نوێنەری بازرگان تاکو پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێت.

**5-** پاش پشکنینی تەواو بۆ کۆنتێنەرو بارهەڵگرەکان لە رووی شیاوی بۆ کاری ترانسێتی ، هەر یەك لە دەرچەکان و دەرگاکانیان پلۆم دەکرێن بەئامادەبوونی خاوەن کاڵآ لەگەڵ نوێنەری ئاسایشی ئابووری.

**6-** تأمینات لە خاوەن کاڵآ وەربگیرێت بە بڕی ڕەسمی گومرگی بۆ کاڵآکە ، کاتێك ئەنجامی پشکنین بە (ئەرێنی) باشە دەرچوو یان خاوەن کاڵآ ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هێنا ئەوا تأميناتەکە دەکرێتە داهات ، ئەگەر ئەنجامی پشکنین بە (نەرێنی) باش نەبوو ئەوا تأميناتەکە دەدرێتەوە بە خاوەن کاڵآ تەنها کرێی پشکنینی لێ وەردەگیرێت و دەبێت کاڵاکە بگەڕێندرێتەوە بۆ شوێنی هاوردەکراو یان بە لێژنە لەناو ببردرێت بە ڕەزامەندی و ئامادەبوونی خاوەن کاڵآ یان نوێنەری بازرگان ، دەبێت کرێی خزمەتگوزاری لێ وەربگیرێت لەکاتی لەناوبردن.

**7-** پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەتی پشکنینی ترانسێتی بە مەبەستی تۆمارکردنی سەرجەم زانیارییەکان.

**8-** دەست نیشانکردنی گومرگی مەبەست و دیاری کردنی کات و ڕێگای ترانسێتی بۆ گواستنەوەی کاڵآکان.

**9-** ڕێگە پێدانی ئاسایشی ئابووری بۆ کاڵآکە وەربگیرێت بۆ ئاسانکاری لە بازگەکان.

حەوتەم:- ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی ڕێگا:-

**1-** ئەگەر هاتوو لە ڕێگادا بارهەڵگرەکە تێکچوو یان ڕووداوی هاتووچۆی بەسەردا هات دەبێت بە زووترین کات نزیکترین گومرگی لێ ئاگادار بکرێتەوە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر وەکو گواستنەوەی کاڵآ بۆ بارهەڵگرێکی تر ئەگەر پێویست بوو دووبارە پلۆم کردنەوەی بارهەڵگرەکە لە لایەن نوێنەری گومرگ و ئاماژە پێکردنی لە فۆرمی پشکنینی ترانزێتی.

**2-** ئەگەر هاتوو پلۆمەکە شکابوو یان گۆرانکاری بەسەردا هاتبوو ئەوا گومرگ لەگەڵ خاوەن بارەکە پشکنینێکی تر بۆ کەل وپەلەکان دەکەن ئەگەر گۆڕان بەسەر ( کێش و جۆر و ژمارە ) ی کەل وپەلەکان نەهاتبێت ئەوا پەسەند دەکرێتەوە لە لای گومرگ و رەوانەی شوێنی مەبەست دەکرێت.

**3-** ئەگەر هاتوو گۆڕان بەسەر (کێش و جۆر و ژمارە) ی کەل وپەلەکان هاتبێت ئەوا دەبێت بە پێی یاسای گومرگی سزا بدرێت و دەست بەسەر کالآکەدا بگیرێت تاکو کێشەکە یەکلا دەبێتەوە .

**هەشتەم:- ئەرکەکانی گومرگی مەبەست :-**

**1-** پشکنینی بارهەڵگرەکە لە ڕووی ژمارەی تابلۆ و جۆرەکەی.

**2-** پشکنینی پلۆمەکان لە ڕووی کۆد و سەلامەتی.

**3-** پابەند بوون بە ڕێگا و ماوەی گواستنەوەی کالآکان.


**4-** گواستنەوەی کالآ بۆ کۆگا بە نوێنەری گومرگ.

**5-** داخستن (قفل) یان پلۆم کردنی دەرگاي کۆگا.

**نۆیەم:- سزای سەرپێچی کار:**

ئەگەر هاتوو دەستکاری پلۆمەکان یان هەر بەشێکی بارهەڵگرەکە کرابوو وە ئەم دەستکاری کردنەش بە ئیرادەی خاوەن کالآکە بوو دەرئەنجام دەرکەوت کەوا نیازپاکی (حسن النیە) تێدا نیە ئەوا بە پێی یاسای گومرگی ژمارە (**23**) ی ساڵی (**1984**) ی عێراق سزا دەدرێت.


**پلۆمی کۆنتێنەری**






پلۆمی تەلی(سیمی)

کۆنتێنەری یەک دەرگا







کۆنتێنەری چەند دەرگا

**بەشی دەیەم:** ڕێنمایی بازاڕی ئازاد (**Duty free**)

**لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو مادده و بڕگە یاساییانەی بەشی چوارەم / ناوچەی بازاری ئازاد / کە لەیاسای گومرگی ژمارە (23) ی ساڵی (1984) ی هەموارکراوی عێراقی داهاتوون پێویستە :-**

**یەکەم: دەکرێت بە بڕیاری وەزیر دوای وەرگرتنی ڕای وەزارەتی بازرگانی و لایەنە تایبەتمەندەکان بازاڕی ئازاد یان ناوچەی ئازاد دابمەزرێنرێت یاخود بکرێتەوە بە تەرخان کردنی ناوچەیەك وە هەژمار کردنی بە دەرەوەی ناوچەی گومرگی.**

**دووەم: وەبەرهێن (المستپمر) هەموو پێداویستی یەکانی دامەزراندنی بازاڕەکە دابین بکات لە پێناو درێژەپێدانی بازاڕەکە و پێویستە تەئمینی بینا و کاڵای بازاڕەکە بکات.**

سێیەم: هەر کۆمپانیایەك کار بکات لەبازاری ئازاد دەبێت بەپێی مەرجەکانی یاسای گومرگی ژمارە(**23**)ی ساڵی (**1984**) کاربکات وە لەژێر چاودێری تەواوی دەزگای گومرگدا بێت.

چوارەم: کاری فرۆشتن لە بازاری ئازاد بۆ کەسانی بیانی و عێراقی دەبێت لە کاتی چوونە دەرەوە و گەڕانەوە بۆ ناو وولآت بەم مەرجانەی خوارەوە :-

**1-** فرۆشتن لە ژێر سەرپەرشتی گومرگ دەبێت.

**2-** فرۆشتن بە پارەی ناوخۆ و پارەی بیانی (دۆلار و یۆرۆ) دەبێت.

**3-** بەخشین لە ڕەسمی گومرگی بۆ کەسەکە خۆیەتی و ناکرێت ئەو کەسە ئەو بەخشینەی وازی لێ بهێنێت بۆ کەسێکی تر.

**4-** ڕێگا نادرێت کالآ بەشێوەی کۆ (جملە) بفرۆشرێت بۆ ناو هەرێم .

**5-** کارمەندانی بازاری ئازاد و کارمەندانی تر بۆیان نیە کاڵا لە بازاری ئازاد بکڕن.

پێنجەم: هەر کاڵایەکی بیانی کە دێتە ناو بازاری ئازاد وە بۆ بازاری ئازادێکی تر دەڕوات بەنوێنەر ڕەسمی گومرگی و هیچ باجێکی تری لێ وەرناگیرێت تەنها کرێی پشکنین نەبێت وە بازاری ئازاد بۆی هەیە ئەو کاڵایانەش بفرۆشێت کە لە ناوخۆ بەرهەم هێنراون.

شەشەم: هەموو ئەو کاڵایانەی کە بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (**23**) ی ساڵی (**1984**) و یاسا و ڕێنماییەکانی تر قەدەغەکراون ڕێگا نادرێت بێتە ناو بازاری ئازاد .

حەوتەم: بازاری ئازاد لەژێر سەرپەرشتی و پشکنینی گومرگی دەبێت بە بەردەوامی و سەرپەرشتی هەموو کارێکی هاتنە ناوەوە و چوونەدەرەوەی کاڵاکان دەکات لە بازارەکەدا.

هەشتەم: هیچ کاڵایەك نایەتە ناو بازاری ئازادو لە بازار دەرناچێت تا دەسەلآتی گومرگی ڕێگای پێ نەدات.

نۆیەم: بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت کاڵا لەناو بازار بەکاربهێنرێت.

دەیەم: ئەو کالآیانەی کە لە بازاڕی ئازاد دەهێنرێنە دەرەوە بەمەبەستی بەکارهێنان و فرۆشتنی لە بازارەکانی ناوخۆ پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجە سەپێنراوەکانی لێوەر بگیرێت بەپێی یاساو ڕێنماییەکار پێکراوەکان.

یانزەیەم: وەبەرهێن مافی خۆیەتی ئەو کاڵایانە لە ناوببات کە بۆ بەکارهێنان ناشێت و لەناو بازارەکەدایە بەمەرجێك لەژێر سەرپەرشتی گومرگ بێت و کۆنووسی تایبەتی بۆ ڕێك بخرێت .

سیانزەیەم: پێویستە وەبەرهێن کەفالەی مەسرەفی بەبڕی (**5,000,000**) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە گومرگ بکات بەمەبەستی مسۆگەرکردنی جێ بەجێ کردنی ڕێنمایی ویاسا گومرگیەکان.

چواردەیەم: پێویستە وەبەرهێن تیانووس و لیستی تایبەتی هەبێت بۆ کاڵاکان بەو شێوازەی کە گومرگ بۆی دیاری دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات.

پانزەیەم: هەرکاڵایەك کە بۆ بازاری ئازاد هاتبێت ئەگەر ڕاستەوخۆ نەهاتە ناو بازارەکەوە واتە لە سنوورەکانی ترەوە هاتبێتە ناو هەرێم پێویستە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدار کاری کەشفی بۆ ئەنجام بدات و تیانووسە تایبەتەکانی بازارەکە تۆماری بکات کە بۆ ئەم مەبەستە ڕادەگیرێت.

شانزەیەم: بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە هاتوون و بەپێی دەسەڵاتەکانی و لەکاتی نەبوونی دەسەڵات بۆ هەر خاڵێك بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگادار بکاتەوە.

حەڤدەیەم: بازاری ئازاد پابەند دەبێت بە مەرجەکانی هاوردە.

**بەشی یازدەم:** ڕێنمایی دەرهێنەری گومرگی (اخراج گومرگی)

به لەبەرچاوگرتنی مادده و بڕگەکانی یاسای گومرگی ژمارە (**23**)ی ساڵی (**1984**) ی هەموارکراوی عێراقی تایبەت بە (دەرهێنەری گومرگی – الاخراج الكمركي) بەتایبەتیش لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (**175**)ی یاساکەدا هاتووە کە بە بڕیاری وەزیری دارایی و ئابووری مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی دەرهێنەری گومرگی و ئەرکەکانی وەکیلی اخراج گومرگی دیاری دەکرێت وەك لە خوارەوەدا هاتووە:-

یەکەم: بەرێوەبەری گشتی گومرگ مۆڵەتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی (وکیل اخراج گومرگی) بۆ یەك ساڵ دەدات بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی و کۆمپانیا ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە.

دووەم: بەڕێــوەبەری گومرگی پەیوەندیدار هەڵدەستێت بەپێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە.

سێیەم: مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆ کەسی ئاسایی کە داواکاری پێشکەش دەکات:-

أ- ئەبێت عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

ب- تەمەنی لە (**18**) ساڵ کەمتر نەبێت.

ج- بەلایەنی کەم دەرچووی ئامادەیی یان هاوشێوەی ئامادەیی بێت .

د- ئەستۆ پاکی (براءە ژمە) باجی دەرامەت بهێنێت.

هـ- ئەبێت بەڵـێن نامە بدات کە پەیوەستە بەدانی هەموو ڕسومات و سزایەك کە دەکەوێتە سەر (موەکیلەکە) واتە بازرگان یان کۆمپانیا.

و- ڕەزامەندی دەزگای ئاسایشی هەبێت.

خ- خاوەن خووڕەوشتی بەرز بێت.

ز- داواکار ئەبێت داواکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پێشکەش بکات بەپێی پێویست.

چوارەم: مەرجەکانی کارکردنی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی.

أ- پێویستە نوسینگەیەکی هەمیشەیی هەبێت لەناو حەرەمی کۆمەڵگا یان حەرەمی گومرگی یان خاڵە سنوریە گومرگیەکان یان ئەو شارەی کە حەرەمی کۆمەڵگا یان گومرگ لە سنوری یەکە ئیداریەکەی دایە کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدات و پێویستە تابلۆیەك هەڵبواسێت کە ناو و پیشەو ژمارەی مۆڵەتەکەی تێدابێت.

ب- پێویستە تەنها پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بکات وە کارمەندی دەوڵەت نەبێت.

ج- پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی **(خگاب چمان)** بەبڕی (**2,000,000**) دووملیۆن دینار بهێنێت.

د- پێویستە یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی **(خگابچمان)** بە بڕی ( **1,000,000**) یەك ملیۆن دینار بهێنێت.

هـ- بریکـاری دەرهێنــەری گــومرگی مۆڵـەتی پـێ دەدرێــت لەبەرامبــەر بــڕی ( **500,000**) پێــنج ســەد هــەزاردینار وە یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی مۆڵەتی پێ دەدرێت لە بەرامبەر (**250,000**) دوو سەدو پـەنجا هـەزار دینـار وەك ڕەسمی دەرهێنانی مۆڵەت و هەموو ساڵێك نوێ دەکرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

و- بڕی (**700,000**) حەوت سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بـۆ هەرسـاڵێك لـە بـڕی کـارکردنی بریکـاری دەرهێنـەری گومرگی وەك ڕەسمی کارکردنی بریکاری دەرهێنەر.

ز- بڕی (**300,000**) سێ سەد هەزار دینـار وەردەگیرێـت بـۆ هەرسـاڵێك لـە بـڕی کـارکردنی یاریـدەدەری بریکـاری دەرهێنەری گومرگی وەك ڕەسمی کارکردنی یاریدەدەری دەرهێنەر.

پێنجەم:مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی:

أ - عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

ب- لایەنی کەم دەرچووی سەرەتایی بێت شارەزایی هەبێت لەم بوارەدا.

ج- تەمەنی (**18**) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

د- تەنها کاری یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی بکات وە کارمەندی دەوڵەت نەبێت.

ه– نابێت لەلای بریکارێك زیاتر کار بکات.
و– یاریدەدەر نابێت بە دواداچوون لەسەر مامەڵە گومرگیەکان بکات لە هۆبەو بەشەکانی گومرگەکان کە پێویست دەکات بریکار خۆی ئامادەبێت لە کارە یاسایەکان.
شەشەم:
أ- مەرجەکانی بریکاری دەرهێنەری گومرگی دەسەپێنرێت بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کەکاری دەرهێنەری گومرگی دەکەن کە بەرێوەبەری رێگە پێدراو ( مدیر مفوچ ) یا هەر کە سێکی تر کە کۆمپانیا بەرێوەدەبات.
ب- هەمان مەرجەکانی دەرهێنەری گومرگی دەسەپێنرێت بەسەر نوێنەری کۆمپانیا گشتی یەکانی دەوڵەت بەمەرجێك بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەن بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکەی رێگای پێ درابێت.
حەوتەم:بریکاری دەرهێنەری گومرگی پابەند دەبێت بە:.
أ– بەرپرسە لە دروستی سەرەتاو بەڵگە نامەکانی کە لە جیاتی بازرگان یان کۆمپانیا پێش کەش دەکات وە پێویستە بریکار نامە ( الوكالە) بخاتە ڕوو تا لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری دەرهێنان بۆ بابەتەکە ئەنجام بدات.
ب– پێویستە تیانووسێکی تایبەتی تۆماری هەبێ و بە مۆری بەرێوەبەرایەتی گومرگی مۆرکرابێت لەو سنوورەی کەکاری تیا دەکات وە هەموو زانیاریەکانی دەرهێنانی گومرگی تیادا تۆمار دەکرێت بە ژمارە و زنجیرە لەگەڵ ئاماژە پێدان بە ژمارەی مەنەفێست ( بیان گمرگی ) وە ئەم تیانووسە دەپارێزرێت بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵ بۆ ئەوەی دەزگای چاودێری کاری ووردبینی لەسەربکات.
ج – بریکار پێویستە لە سنووری یەك بەرێوەبەرایەتی کاری دەرهێنانی گومرگی بکات وە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆی هەیە مۆڵەت بدات بەکارکردن لە سنووری بەرێوەبەرایەتی یەکی تریش بەمەرجێك پاساوی یاسایی هەبێت و هەمان ئەو برە پارانە لەو بەرێوەبەرایەتیەش دابنێ لە بری خۆی و یاریدەدەرەکانی.
د– بەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گومرگ بۆی نی یە هیچ کەسێك بخاتە کار.
ه– بەڵێن نامەیەکی دەست نووسی پێشکەش دەکات کە پابەند دەبێت وە بەرپرسیاردەبێت لەوکارانەی کە یاریدەدەرەکانی دەیکەن وە لەکاتی تازەکردنەوەی ناسنامەی یاریدەدەرەکان هەمان بەڵێن نامە پێشکەش دەکات.
هەشتەم: بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆی هەیە (3) سێ یاریدەدەر بخاتەکار وە لەوە زیاتر بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەرێوەبەری گشتی گومرگ لە رێگای بەرێوەبەری گومرگی پەیوەندیدارەوە بەمەرجێك بیسەلمێنێت کە پێویستی بەو ژمارەیە زیاترە لە یاریدەدەر.
نۆیەم: بۆتازە کردنەوەی موڵەت پێویستە هەمان مەرجەكاني تایبەت بە پێداني موڵەتي کارکردن تیابێت وە ئەستوپاكي گشت باجەکان و بەشەكاني گشتي گومرگی پێشکەش بکات.
دەیەم:دوای تەواو بوونی مۆڵەتی کارکردن و پیشەی دەرهێنان ، بریکاری دەرهێنەری گومرگی و یاریدەرەکانی باجی تایبەتی پی دەدرێت.
یازدە:گۆڕینی ناونیشانی یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی بۆ دەرهێنەری گومرگی (وکیل اخراج) بەپێی مەرجەکان ئەم دەسەڵاتە بدرێتە بەرێوەبەری گومرگ بەمەبەستی ئاسانکاری و وێنەیەك بدرێتە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .
دوازدە: سزاکان:–

أ- 1– هۆشداری (إنژار).
2 – ڕێگرتن له كاركردن به مەرجێك لە (6) مانگ زیاتر نەبێت و لەدەسەلآتی بەڕێوەبەرایەتیەكانی گومرگی دەبێت بەمەرجێك بە لێژنە بێت .
3 – هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بەیەكجاری لە دەسەلآتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی و بەڕێوەبەرایەتی گومرگەكان دەبێت.

ب- هەر سزایەك كە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەكان ئاراستەی بریكاریان یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی دەكرێت سەرپێچی كار بۆی هەیە لە ماوەی (15) پانزە ڕۆژ دا تانە بگرێت و پێشكەش بە بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بكات لە بەرواری ئاگاداركردنەوەی بە سزاكە بڕیاری بەرێوەبەری گشتی گومرگ یەكلاكەرەوە دەبێ و مافی تانەی نامێنێت.

ج- هەرسزایەك كە لە لایەن بەرێوەبەری گشتی گومرگ ئاراستەی بریكار یان یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی دەكرێت سەرپێچی كار بۆی هەیە تانە لە بریارەكە بگرێت لە ماوەی (15) پانزە ڕۆژ لە بەرواری ئاگاداركردنەوەی تانەكە پێشكەش بە وەزیری دارایی وئابووری دەكرێت و بڕیاری وەزیر یەكلاكەرەوە دەبێت و مافی تانە گرتنی نامێنێت.

## بەشی دوانزە: خشتەی كانزاو بابەتەكانی تر كە هەناردە دەكرێت

| ژ | ناوەرۆك | بەها بۆ (١) تەن | رسم | رێژە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مس و زەردی قالب و فەل | ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار | | ١٠٪ |
| 2 | فافۆن و قورقوشمی قالب و فەل | ٢,٥٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار | | ١٠٪ |
| 3 | پاتری شكاو | ١,٢٥٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار | | ١٠٪ |
| 4 | ستیل سكراب | ١,٧٥٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار | | ١٠٪ |
| 5 | ئاهین | ٧٥٠,٠٠٠ حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار | | ١٠٪ |
| 6 | رادیتەی شكاو | ٢,٢٥٠,٥٠٠ دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار | | ١٠٪ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | دینار | | |
| 7 | کبریت | ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار دینار | | ٪١٠ |
| 8 | کاغەزو کارتۆنی کۆنە | ٢٠,٠٠٠ بیست هەزار دینار | | ٪١٠ |
| 9 | پلاستیکی کۆنە | ١٠,٠٠٠ دە هەزار دینار | | ٪١٠ |
| 10 | بەرهەمە نەوتیەکان | لە کاتی بوونی کێشەی گومرگی بەهای راستەقینە بۆ (1) یەك تەن وەربگیرێت | (5000) پێنج هەزار دینار بۆ یەك تەن مەقگوع وەربگرێت | |
| ١١ | پێستەی خاوی ئاژەڵی هەموو جۆرێك | 1,000,000 یەك ملیۆن دینار | | ٪١٠ |
| ١٢ | پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو کە مۆڵەتی پیشەسازی هەیە | 1,600,000 یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | | ٪١ |
| ١٣ | پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو کە مۆڵەتی پیشەسازی نییە | 1,600,000 یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | | ٪٥ |
| ١٤ | پاشماوەی کورە لە مس و زەرد | 2,500,000 دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار | | ٪١٠ |
| ١٥ | پاشماوەی کورەی فافۆن قورقوشم | 1,250,000 یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار | | ٪١٠ |

**لە کاتی جێ بە جێ کردنی خشتەکەی سەرەوە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت.**

**1- کاتی هاوردەکرنی کانزا لە کار کەوتووەکان لە سنوورەکانی هەرێم بە رێژەی (5٪)ی بەها ڕەسمیان لێوەربگیرێت بە پێی خشتەی کانزاکان وە لە کاتی چوونە دەرەوە بڕی (5٪)ی لێوەربگیرێت بە پێی خشتەی بەشی دووانزە.**

**2- ئەگەر ڕەسمی هاووردەکردنی نەدابوو (سەرەتای نەبوو) لە کاتی چوونەدەرەوە بە رێژەی (10٪) ڕەسمیان لێوەربگیرێت بە پێی بەهای خشتەی بەشی دووازدەهەم.**

**3- لە کاتی بوونی کێشەی گومرگی بۆ بەرهەمە نەوتیەکانی بەهای ڕاستەقینە بۆ یەك تەن وەربگیرێت وە کار پێبکرێت بۆ یەکلاکردنەوە.**

**4- ئەو کارگانەی کە مۆڵەتی دامەزراندنیان پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان لە کاتی هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان کە لە کانزا لە کارکەوتووەکان دروست کراو وەك مس و زەرد و قورقوشم و فافۆن (ئەلەمینیوم) بە شێوەی قالب یان شێوازی تر وە پێستەی خۆشکراوی تەواو و نیمچەخۆشکراو بەرێژەی (1٪)ی ڕەسمی گومرگیان لێوەدەگیرێت بە پێی بەهای دیار کراو لە خشتەی کانزاکان بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە :-**

**أ- کارگەکە دەبێت مۆڵەتی دامەزراندنی هەبێت لە لایەن وەزارەتی پیشەسازی یان دەستەی وەبەرهێنان.**

**ب- بڕی بەرهەم هێنانی مانگانەی کارگەکە دیار کرابێت لە لایەن وەزارەتی پیشەسازی.**

**ج- کارگە هێمای تایبەت بە خۆی هەبێت و لە سەر بەرهەمەکەی دابێت.**

د- خاوەنی کارگەکە دەبێ بەڵێن نامە بدات کە جگە لە بەرهەمەکانی تایبەت بە خۆی کە هێمای کارگەکەی لە سەرە هیچ بەرهەمێکی تر ڕەوانەی دەرەوە نەکات بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا و ڕێنمایی گومرگی سزا دەدرێت.

هـ- کارگەی بەرهەم هێن دەبێت لە نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی لە سنووری کارگەکەی کاری گومرگی بۆ بەرهەمەکانی ئەنجام بدات لە کاتی هەناردەکردنی.

ي- لە کاتی پابەند نەبوونی کارگەکە بەو مەرجانەی سەرەوە نووسراوی بۆ دەکرێت بۆ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگاتی بۆ ئەوەی بخرێتە لیستی ڕەشەوە.

ح- کارگەی بەرهەم هێن ساڵانە بڕی بەرهەمەکەی بۆ دیاری دەکرێت کە شایستەیە هەناردەی بکات وە ئەگەر نەکرا ئەو بڕە هەناردە بکات ئەوە ناتوانێ بۆ ساڵی داهاتوو بڕی بەرهەمی ماوە زیاد بکات لە سەر بەرهەمی ساڵی نوێ واتە تەنها بڕی دیاری کراوی ساڵانە دەبێت هەناردە بکات.

خ- لە کاتی هەناردەکردن دەبێت خاوەن کارگە خۆی یان بریکاری یاسایەکەی ئامادەبێت.

# ئەحكامی کۆتایي

له دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییه کار به ڕێنمایي گومرگی ژماره (**5**) ی ساڵی (**2015**) ناکرێت , وه کار به ڕێنماییەکانی تریش دەکرێت که پێشوو تر دەرکراون و لەگەڵ ئەم ڕێنماییه دەگونجێن و دژ نین , به پێچەوانەوه کار به هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت که دژ بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییه .

**1-** ئەم ڕێنماییه له بەرواری **2016/7/15** ی زایینی جێ بەجێ دەکرێت .

**2-** ئەم ڕێنماییه له ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوه.

**3-** هەر ڕێنمایی و گۆڕانکارییەکی تری بواری گومرگی له داهاتوو له دوای ئەم ڕێنماییه تازەیه دەردەچێ و گشتاندنی پێ دەکرێت پێویسته :.

أ- بەرواری کارپێکردنەکەی دیاری کرابێت.

ب- لەسەرەتا به ئیمێل ڕەوانەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیه گومرگیەکان بکرێت و دواتریش به نوسراوی فەرمی ئاراستەیان بکرێت.

ج- لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت له سایتی گومرگ بڵاوبکرێتەوه.

د- له کاتی گەیشتنی به بەڕێوەبەرایەتیه گومرگیەکان له تابلۆی هەڵواسین (لوحه الاعلانات) هەڵبواسرێت.